# شیـكردنەوەیەكی جوگرافـی بۆ پیشـەسازیە گـۆڕاوەكانـی قـەزای سێمیل

(PP 227 - 247)
**ID No. 1865**
http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.3.13

**م.ی یادگار خدر رشید          م.سلوی توفیق محمد**
بەشی جوگرافیا - كۆلێژی ئەدەبیات - زانكۆی سەڵاحەددین - هەولێر
yadgar.rshed@su.edu.krd

**وەگــــــرتن : 2017/12/04**
**پەسندكردن : 2018/02/26**
**بڵاوكردنەوە : 2018/05/15**

**پوختە**

ئەم بـابەتە بـریتییە لەلێكـۆلینەوەیەكی جوگرافیـایی پیشەسـازی دەربـاری شـیكردنەوەیەكی جـوگرافی پیشەسـازییە گۆڕاوەكـان لەقەزای سـێمیل وەك یەكێـك لەبابەتەكانی جوگرافیای پیشەسازی ، تیایدا توێژەر هەوڵی داوە پێكهاتەو گرنگی پیشەسازییە گۆڕاوەكان لەقەزای سێمیل بە شێوەیەكی ئەكـادیمی بخـرێتە ڕوو. دواتـر تیشك خراوەتە سەر بنەماكانی جێگیر بوون و دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییە گۆڕاوەكان . بەپێی ئەوەی پیشەسازییە گۆڕاوەكـان بە یەكێـك لەو چـالاكیە ئـابووریە گرنگ وپڕ بایەخانە دادەنرێت كە هەڵدەستێ بەئەنجامدانی كۆمەلێك پرۆسـەی ئـابووری كە پشـت دەبەسـتێ بە ئـامێر و ووزە لەچوارچێـوەی سیسـتەمی تەواوكـاری لەكاری كارگە وخزمەتگوزاریەكان وگۆڕینی كەرستەی سەرەتایی بۆ كەرستەیەكی تازە بەگوێرەی ئەو پێداویستیانەی كە لەهەرێم و دەوڵەتێكدا بوونیان هەیە

لەكۆتای توێژینەوەكەدا توێژەر چەند دەرئەنجامێكی خستۆتە ڕوو كەبریتیین لە:

1-ناوچەی لێكۆلینەوە خاوەنی چەندین بنەمایی جوگرافیە وەك سەرمایە ووزەو كەرستەی خاو كە یارمەتی دەرە بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیە گۆڕاوەكان.

2 -چالاكیەكانی پیشەسازیە گۆڕاوەكان لەناوچەی لێكۆلینەوە بەنایەكسـانی دابەش بـووە ، ئەم جیـاوازیەش لەنـاوچەیەك بـۆ نـاوچەیەكی تـر زۆرە بـۆ نمـوونە قەزای ناوەند بە(95) كارگە بەپلەی یەكەم دێت .

3 -بوونی جیاوازی لەچڕبوونەوەی پیشەسازی لەناوچەی لێكۆلینەوە كە زۆرترین چڕبوونەوە كەوتۆتە ناحیەی فایدە كە دەگاتە(0.48) كارگە.

4 - پیشەسازیە گۆڕاوەكان لەناوچەی لێكۆلینەوە ڕووبەڕووی چەندین كۆسپ وگرفت بۆتەوە كە پەیوەستن بەكەرستەی سەرەتایی و وزەو سەرمایە وهتـد. دەسـتەواژە گرنگەكان: (پرۆژە، پیشەسازی ، گۆڕاوەكان ، جێگیربوون ، دامەزراندن)

## پێشەكی

پیشەسازی گۆڕاوەكان بەیەكێك لەچالاكیەكـانی بەرهەم هێنـان دادەنرێت،هەروەهـا ڕۆڵـی بەرچـاو لەپرۆسـەی پەرەپێـدانی ئابووری وسیاسی وبەرزكردنەوەی ئاستی بژێـوی كۆمەڵگـا دەبینێت،لەهەمـان كاتـدا ئەم چـالاكیە گـرنگە لە ووڵاتـانی تـازە پێگەیشتوودا بەچەندین قۆناغی یەك لەدوای یەكدا بەرەو پەرەسەندن وپێشكەوتن هەنگاو دەنێـت،ئەمەش لەپێنـاو فـروان بوون و بەرەوپێش چوون و دابین كردنی پێداویستیەكانی كۆمەڵگەیە،بەو پێیەی بایەخەكانی بەڕوونی لەژیانی ووڵاتان و دانیشتوانەكانیاندا دەردەكەوێ،دەبـێ ئەوەش بـزانیین كە پیشەسـازی گۆڕاوەكـان بـۆ دابـین كردنـی ئـامێر ومەكیـنە و هۆكارەكـانی گواسـتنەو فاكتەرەكـانی پێشكەوتنی دەوڵەت چاڵاكیەكی تازەگەری وپێشكەوتوون .

**گرنگـی تـوێژینەوەكە:** پیشەسـازی گـۆڕاو لەنـاوچەی لێكـۆلینەوە ڕێژەیەكـی بەرچـاوی سـەرجەم پیشەسـازیەكانی نـاوچەكە پێكـدێنێت وچاڵاكیەكی گرنگی دانیشتوانەكەیەتی,وەلێكووتەی زۆری لێكەوتۆتەوە ولە پەیوەندیەكی هەمەجـۆر و هەمە ئاسـتە لەگەل زۆر لەچـالاكیە ئابوری و پیشەسازیەكانی تری ناوچەی لێكۆلینەوە .

**كێشەی توێژینەوە:** بریتیە لەناهاوسەنگی لەبنەماكانی جێگیربوون ودامەزراندنی پیشەسازیە گۆڕاوەكان لە قەزای سێمیل بووە .

**گریمان توێژینەوە:** لەم توێژینەوەدا پشت بەچەند گریمانێك بەستراوە گرنگترینیان ئەمانە :

1 - پیشەسازیە گۆڕاوەكان كاریگەریان لەسەر بەهێزكردن و وبوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری ناوچەی لێكۆلینەوەدا .

2 - فاکتەرەکانی جێگیربوونی پیشەسازیە گۆڕاوەکان لە ناوچەی لێکۆلینەوە بوونیان هەیە و رۆڵیان هەبووە لەسەرهەڵدان وپێشکەوتنی ئەم جۆرە پیشەسازیە .

**ئامانج لەم توێژینەوە**: خستنە ڕووی بایەخ وگرنگی پیشەسازیە گۆڕاوەکان وشیکردنەوەی پەیکەربەندی و دابەش بوونی پیشەسازی لەقەزای سێمیل لەڕێگای ئامارە جیاوازەکان و دەستنیشان کردنی سەرجەم ئەو فاکتەرە جوگرافیانەی(سروشتی و مرۆیی و ئابووری) کە رۆڵیان هەیە لەسەرهەلدان و جێگیربوونی کەرتی پیشەسازی گۆراو لەناوچەی لێکۆلینەوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە ، پەیرەوی میتۆدی(ئیستقرائی) کراوە لە پێناو بەدواچوونی وردەکارییەکان و گەیشتن بەدەرئەنجامەکان و پەیرەوکردنی شێوازی شیکردنەوەی داتاکان بەرێگای ئاماری چربوونەوە و هەمەچەشن جێ بەجێ کراوە,هەروەها میتۆتی(کێوماڵی)یش بەکارهاتووە بەمەبەستی زانیاری وورتر .

**سنوری ناوچەی توێژینەوە**:قەزای سێمیل یەکێکە لەقەزاکانی پارێزگای دهۆك،دەکەوێتە ڕۆژئاوای پارێزگاکە. لەڕووی جوگرافییەوە لەبەشی باشووری ڕۆژهەڵات هاوسنورە لەگەڵ قەزای دهۆك لەباشوور . هەروەها لەڕۆژئاوا هاوسنورە لەگەڵ پارێزگای موسل، لەبەشی باکوور قەزای ناوبراو هاوسنوورە لەگەڵ قەزای زاخۆ. لە ڕووی شوێنی فەلەکییەوە ناوچەی لێکۆلینەوە دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (00= 50- 37°) و ( 45= 49- 36°) باکوور,هێڵی درێژی (30= 9- 43°) و (45= 23- 42°) ڕۆژهەڵات. ڕووبەری قەزاکە نزیکەی(1398)کم$^2$ یە،بەمەش(11.1%) ڕووبەری پارێزگای دهۆکی پێکهیناوە. لەڕووی کارگێریەوە لە سێ ناحیەی سەرەکی پێك دێت(سەنتەر،باتیل،فایدە) نەخشەی(1). ژمارەی دانیشتوانی قەزای سێمیل بۆساڵی 2015 دەگاتە(187101)کەس، بەمەش(13.1%)کۆی دانیشتوانی پارێزگای دهۆك پێك دێنێت(حکومەتی هەرێمی کوردستان , وەزارەتی پلاندانان، 2015، داتای بڵاونەکراوەتەوە) .

گیروگرفتەکانی **توێژینەوە**: لەڕاستیدا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بەبێ ئاستەنگ و گرفت نەبووە لەوانە کەمی توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە لەناوچەی لێکۆلینەوە، هەروەها ئاستەم بوونی وەرگرتنی زانیاری دروست لەسەر کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەکە .

**پلانی توێژینەوە:.** پلانی توێژینەوەکەمان وادەخوازێت دابەش بکرێت بۆ پێشەکێەك و چوار تەوەر


1-پێکهاتەی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لە قەزای سێمیل گرنگیکەی .

2 -بنەماکانی جیگیربوونی پیشەسازیە گۆڕاوەکان لەقەزای سێمیل .

3 -دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لەقەزای سێمیل. بەپابەندبوون بەهەردوو پێوەری(چربوونەوە و هەمەچەشن).

4 -گیروگرفت وبەربەستەکانی پیشەسازییە گۆڕاوەکان وچارەسەرکردنیان وئایندەی.

نەخشەی(1)یەکە کارگێرییەکانی قەزای سێمیل




**سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم ،بەرێوەبەرایەتی ئاماری هەرێم بەشی GIS**

**1-پێکهاتەی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لە قەزای سێمیل گرنگیکەی**

پیشەسازییە گۆڕاوەکان بەیەکێك لەچالاکیە گرنگەکانی پیشەسازی دادەنرێت لە ئابووری نوێ و هاوچەرخدا،چونکە ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووریدا گێراوە،ئەم چالاکیەی پیشەسازی بەبناغەی پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت،چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە،جگە لەوەی پیشەسازییە گۆڕاوەکان بریتیین لەگۆڕینی کەرستە سەرەتاییەکان لەشێوەیەك بۆ شێوەیەکی گونجاو تر،ئەمەش لەپێناو تیرکردنی پێداویستی مرۆڤ،بەم شێوەیە ئەم پیشەسازییە بەبەرزترین وێنەی بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ دەرامەتە ژینگەیە سروشتیەکان دادەنرێت (فؤاد،1980، ص8) . بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان وایە پیشەسازیە گۆڕاوەکان پرۆسەیەکە لەگۆڕینی دەرامەتە نائەندامیەکان یان ئەندامیەکان بەشێوەیەکی میکانیکی یاخود کیمیایی بۆ بەرهەمهێنراوێکی تر( أبراهیم ،2012،ص162). ئینجا ئەم گۆڕانکاریە بەئامێری میکانیکی سەردەمیانیە یاخود بەکاری دەستی بێت,جا ئەم گۆڕانکاریە لەبەرهەم ج لەکارگە بێت یاخود لەدەزگاکان یان لەماڵ بێت،دواتر دەفرۆشرێتە بازرگانەکان بە شێوەی سەرجەم یان تاك(وورده) (عبدالزهرة ،2012، ص41) .

دابەش بوونی پیشەسازییە گۆڕاوەکان کەوتۆتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێ فاکتەر کە زۆر ئاڵۆزترن لەو فاکتەرانەی کە کاردەکەنە سەر دابەش بوونی پیشەسازییە دەرهێنراوەکان بەجۆرێك لەگەڵ پەیوەست بوونی بەهۆکاری سروشتی و مرۆیی وئابوری،هەر بۆیە جوگرافی ناسەکان لە کۆنەوە زیاتر گرنگی و بایەخیان بەپیشە سەرەتایەکان داوە، چونکە بە بەبارۆدۆخە سروشتیەکانەوە پەیوەستبوون( فؤاد،المصدر السابق،ص8). سەرباری لەخۆگرتنی ئەو پیشەسازیانەی ئاڕاستەکراون بۆ بەکارهێنانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ،یان بۆ خزمەت کردنی پرۆسەکانی بەرهەم هێنان،هەر چەندە پیشەسازییە گۆڕاوەکان لەڕووی داواکاریەکانی وەك ڕووپێوی زەوی پێویست وهێزی کار و بڕی کەرستەی خاوی بەکارهاتوو لەگەڵ جۆرەکەی وەك یەك نین(عباس،1985، ص8).

قەزای سێمیل بەهۆی ئەوەی پێگەیەکی گرنگی ستراتیجی بازرگانی هەبووبۆیە خەلکی ناوچەی لێکۆلینەوەو دەوروبەری گرنگیان بەکەرتی پیشەسازی داوە ئەویش لەرێگای بازرگانی ناوەخۆ کە خودی هەرێمی کوردستانە وە بازرگانی دەرەکی لەگەڵ وولاتانی دراوسێیەکان بەتایبەتی وولاتی تورکیا، گرنگیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی قەزای زاخۆ کە دەروازەی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیایە, بەمەش دووری نێوان هەریەك لەقەزای سێمیل و قەزای زاخۆ نزیکەی(45)کم (حکومەتا هەرێما کوردستانێ، وەزارەتا ئاڤەدانکردن ونیشتەجێ کردنێ، داتا بلاڤ نەکرێ)، شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆلینەوە رۆڵی گرنگی لەگەشەکردنی کەرتی پیشەسازی گۆڕاوەکاندا هەبووە, هەروەك لەخشتەی(1) دەردەکەوێت کە ساڵی 2005 ژمارەی کارگە پیشەسازیەکان گەیشتبووە(40)کارگە و ژمارەی کرێکاریش گەیشتبووە(798)کرێکار, بۆ ساڵانی دواتر سیاسەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لەهەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامدا بوو بۆ بنیات نانی ژێرخانێکی ئابووری نوێ ، ئەم هەنگاوە بەروونی لەیاسایی ژمارە(4) وەبەرهێنانی ساڵی 2006 دەردەکەوێت,کە پاڵنەرێکی باش بوو بۆ جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئازاد لەسەربنەمای گرنگیدان بەکەرتی تایبەت و بازاری کراوە لەهەرێمی کوردستان (حکومەتی هەرێمی کوردستان,وەزارەتی بازرگان و پیشەسازی ,ل33 ), دوابەدوای ئەمە ساڵی 2010 ژمارەی کارگە لەقەزای سێمیل زیادی کردووەو گەیشتۆتە(83)کارگە و(1599)کرێکار,ئەم زیاد بوونەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدان و ئاسنکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ خاوەن کارگەکان لەبەخشینی زەوی و کەمکردنەوەی باج و گومرگ ....هتد ئیتر ئەمە وای کرد ژمارەی کارگە پیشەسازیەکان لەهەڵکشان بێت بۆ(125)کارگەو(2700)کرێکار بۆ ساڵی 2015 .

**خشتەی (1) ژمارەی کارگە و کرێکاری پیشەسازی گۆڕاوەکان لە قەزای سێمیل لە نێوان (2005ـ2015)**

| ساڵ | ژمارەی کارگە | ژمارەی کرێکار |
|---|---|---|
| 2005 | 40 | 798 |
| 2010 | 83 | 1599 |
| 2015 | 125 | 2700 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:حکومەتا هەرێما کوردستانێ ,وەزارەتا بازرگانیا و پیشەسازیا , ریڤەریا پیشەسازیا گەشەپێدانا ل دهوکی,پشکا پلان دانان ,2005-2015, (زانیاری بلاڤ نەکری) .

**1-1 گرنگی پیشەسازییە گۆڕاوەکان**

بنیاتنانی ئابووری لەهەر وولات وناوچەیەکدا پێویستی بەبناغەو بنکەیەکی پتەو هەیە،هەر بۆیە پیشەسازییە گۆڕاوەکانیش پێویستیەکی زۆریان بەئامرازو ئامێری پێشکەوتوو گۆڕینی لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم و پێشکەوتنەکاندا هەیە. ئەمەو سەرەڕای بەردەست کردنی

جۆرەها کاڵای بەکارهاتوو لەلایەن مرۆڤەوە لەم ڕوانگەوە ئێمە دەتوانین گرنگی پیشەسازییە گۆڕاوەکان لەم چەند خاڵانەی خوارەوە ڕوونبکەینەوە :

1 - بەرهەم هێنانی کاڵاو بەرهەمی بەکاربەر کە مرۆڤ ڕاستەوخو بەکاری دەهێنی بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی کە ژینگەی سروشتی ناتوانێت دەستەبەری بکات.

2 - دەستەبەرکردنی بەرهەمی نیمچە دروستکراو و بەکارهێنانی لەچالاکیە پیشەسازیەکانی تر،دواتر دروست کردنی بەرهەمێکی جیاوازتر .

3 - دەستە بەرکردنی کاڵای بەرهەم هێنراو وەك ئامێرو ئامرازی بەکارهاتوو لەکەرتە بەرهەم هێنراوە جیاوازەکانی تر لەوانە ئامرازەکانی کشتوکاڵی بنیاتنان ودروستکردن. و ئامرازەکانی بەرهەم هێنانی ووزە ودەرهێنانی کانزا و بنیاتنانی خودی پیشەسازیەکانیش .

## 1- بنەماکانی جیگیربوونی پیشەسازیە گۆڕاوەکان لەقەزای سێمیل

بێ گومان دامەزراندنی پیشەسازی پێویستی بەفەراهەمکردنی کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی ومرۆیی هەیە،بەڵام گرنگی هەریەك لەم هۆکارانە بۆ ڕاکێشان و دامەزراندنی پیشەسازی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر،لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمیکی تر ڕێژەییە،لە هیچ ناوچەیەك لە ناوچەکاندا ناتوانرێت چاڵاکی پیشەسازی تیادا ئەنجام بدرێت تاوەکو کۆمەڵێك لەم هۆکارانە تیایدا دەستەبەر نەکرێت ئەمەش لە پیشەسازیەکەوە بۆ پیشەسازیەکی ترگۆڕانکاری بەسەر دادێت. هەر بۆیە چاڵاکی پیشەسازی بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەسەر گۆی زەویدا ئەنجام دەدرێت،هەرچەندە لەهەندێك ووڵات هەندێ جار لە ناوچەیەکی دیاریکراودا چردەبێتەوە،لێرەدا گرنگترین ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر سەرهەڵدان و دامەزراندنی پیشەسازی دەخەینە ڕوو:.

1-2 کەرستەی خاو **:** یەکێکە لەپێداویستیەکانی جێگیر بوونی پیشەسازی لەوانە کەرستەی خاوی کشتوکاڵی کە هەندێکیان دارستانین و هەندیکی تریان لەوەرگای ئاژەڵین،جگە لە کەرستەی خاوی کانزایی نیمچە دروستکراویش،کە ڕۆڵی گرنگیان لە دامەزراندنی پیشەسازیدا هەیە،هەڵبەتە شوێن و نزیکی کەرستەی خاو بەیەکێك لەگرنگترین فاکتەرەکانی جێگیر بوونی پیشەسازی دادەنرێت،چونکە کاریگەریان لەسەر هەڵبژاردنی شوینی پیشەسازییەکاندا دەبێت،بەتایبەت ئەگەر هاتوو کەرستە خاوەکە قەبارەی گەورە ونرخەکە نزم بوو،چونکە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بڕی تێچووی گواستنەوەو عەمبارکردن،هەرچەندە زۆربەی کەرستە خاوەکان لە ڕووی دابەشبوونەوە نارێکخراو وپەرش وبڵاون.هەربۆیە شوێنی پیشەسازییەکان لەڕووی دەست کەوتنی بڕی تێچووی ئەم کەرستە خاوانە دەگۆڕێن،هەروەها هێزی ڕاکێشانی کەرستەی خاو بۆ پیشەسازیەکان جیاوازن،بەپێی هەمان کەرستەی خاو و پرۆسەکانی دروستکردن دەبێت. جگە لەوەی بەپێی ئەو شێوازەی لەبەکارهێنانی کەرستە خاوەکان ودابەشبوونیان دەبێت سەرباری ئەوەی هەموو پیشەسازییەکان تەنها پشت نابەستن بەبەرهەمە دروستکراوەکان وەك کەرستەی خاو بەڵکو هەندێك جار سوود وەردەگرن لەو کاڵایانەی کە وەکو نیمچە دروستکراو لەپرۆژە پیشەسازیەکانی تردا هەن(حسن،1985،ص236). کەواتە پیشەسازی بەگشتی و پیشەسازیە گۆڕاوەکان بەتایبەتی هەڵدەستێ بەگۆڕینی شێوەی کەرستەی خاوەکان لەشێوەیەك بۆ شێوەیەکی تر ئەمەش بۆ تێرکردنی پێداویستەکانی مرۆڤە لەڕێگای پرۆسەی بەرهەم هێنان دەست دەکەوێت(علی،2002، ص52) .

لە دەڤەری لێکۆلینەوە کێشەی کەمی کەرستەی خاوی کانزایی بوونی هەیە،ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی پیشەسازی کانزایی(الجمهوریة العراقیة، 2001،ص ص20-29) . بۆ نموونە کارگەی(E.M.D.S),(Glad Company) بریتین لە دامەزراوی پیشەسازی کانزایەکان کە ڕووبەڕووی گرفتی کەرستەی خاو بۆنتەوە بەلکو گشت دامەزراوی کانزایی ناوچەی لێکۆلینەوە بوونی ئەم گرفتەیان هەیە ، ئەمەش پشت بەکەرستەی خاوی دەرەوە دەبەستن بەرێژەی 100%. بەڵام دەبی بگوترێت کە ناوچەکە تا ئەندازیەکی باش دەوڵەمەندە بەکەرەستەی خاوی هەمەجۆر، کەچی نەتوانراوە وەك پێویست سودی لێ وەربگیرێت.هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەم تەرخەمی حکومەت و گرنکی نەدان بەم بوارە،ئەمەش لەئەنجامی نەبوونی سەرمایی پێویست بەتایبەتی لەم چەند ساڵانەی دوایدا بەهۆی بوونی قەیرانی دارایی لەهەرێمی کوردستان کە هۆکارێك بوو بۆ هاوردەکردنی کەرستەی خاو لەدەرەوەی هەرێم بۆ ناوەوە، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی زۆری کارگە پیشەسازییەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە پشت بە کەرستەی خاوی دەرەوە دەبەستن تەنها بەشێك نەبێت لەکارگەکانی کەرتی بیناسازی وکەرتی خۆراك لە(70%)ی کەرستەی خاوەکانیان لەناوەخۆ دابین دەکرێت وەك(چگل,رەمل, بەرهەمی پەتاتە) (دیدارا دطەل ئەندازیارا کاروان ، دهۆك ،2017).

**2-2 دەستی کرێکار:** بەیەکێك لەداواکاریە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەرەپێدانی پیشەسازی هەژمار دەکرێ , و هەنگاوێکە بۆ بەرەو پێش چوونی پیشەسازی لەووڵاتانی تازە پێگەیشتوودا،جگە لەوەی کرێکاریش کار دەکاتە سەر بڕی بەرهەم هێنانی پیشەسازی( أمانج،2013،ص11).

دەستی کرێکار لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی دامەزراندن وجێگیربوونی پیشەسازیە، و ڕۆڵی لەدابەش بوونی جوگرافی دامو دەزگاکانی پیشەسازی بەجیاوازی کەرتەکانەوە هەیە(كفاية،2010،ص273) . لێرەدا هەندێك جۆری پیشەسازی پێویستیان بە ژماریەکی کەم لەدەستی کرێکار هەیە هەندێکی تریان پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆری دەستی کرێکاری هەیە،ئەوەی پەیوەندی بەقەبارەی دەستی کرێکارە لەدەڤەری لێکۆلینەوە دا،لەساڵی 2016 ژمارەی کرێکارانی کەرتە جیاوازەکانی پیشەسازی(2750) کرێکار بووە کە لە(50.6%) کۆی سەرجەمی دەستی کرێکاری ئێو چالاکیە ئابوریەکانی کەرتی پیشەسازی پارێزگای دهۆك پێکهێناوە،هەروەها ڕێژەی کرێکارانی بیانی لەکۆی هەرسی ناحیەی قەزای سێمیل بریتیە لە(10%) ( رێظبەریا ئیشەسازیا طەشةئێدانا ل دهوکى, ئشکا هونةرى,داتاى و زانیاری بلاظ نەکری). ئەم ڕێژەیە ڕێژەیەکی زۆرە و بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر بوونی دەستی کار لەناوچەکەدا.

3-2 سەرمایە: دامەزراندنی هەر چالاکیەکی ئابووری پێویستی بەسەرمایەیەکی گەورەیە،ئیتر ئەو سەرمایە بۆ دابین کردنی کەرستەی خاو بێت کە لە پرۆسەکانی بەرهەم هێنان بەکاردەهێنرێت یاخود بۆ دابین کردنی ئامرازو ئامێرەکانی پێویست کە لە پرۆسەکانی بەرهەم هێناندا پشتی پێ دەبەستێت . هەر بۆیە دەتوانین بڵێین سەرمایە یەکێکە لە بەها بەرزەکانی پیشەسازی نوێ و هاوچەرخ (**محمد،المصدر السابق، ص111**) .

لەمیانی ئەنجامدانی ڕاپرسی لەناوچەی لێکۆلینەوە بۆمان دەردەکەوێت بڕی سەرمایەی تەرخان کراو بریتی بوو(75%) بۆ کەرتی پیشەسازی لەلایەن حکومەت تا نزیك کۆتایی ساڵی 2013. ئەمەش بەهۆی پێدانی قەرزی بانکی وەبەرهێنەرانی بواری پیشەسازی بەسودێکی کەم بوو،سەرباری زەمینە خۆش کردنی زیاتر بۆ وەبەرهێنان بە پێدانی جیاوگە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ باشی باردۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان کە بووە هۆی گرنگی دانی حکومەت تاڕادەیەك بەکەرتی پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە،بۆ ئەم مەبەستەش چەند کارگەیەکی وەك کارگەی(FJAN,مارش لەکەرتی بیناسازی, وە کارگەیGLAD, باشەروز لە کەرتی کانزاییز هەروەها کارگەی ATApip Light Piast لەکەرتی پلاستیك,نوراوپل لەکەرتی کیمیاوی.....هتد) لە ناحیەی کواشێ لەناوچەی لیکۆلینەوە دامەزرێنراوە.بەڵام لەم ساڵانەی دوایدا بەهۆی ناسەقامگیری ڕەوشی ئابووری و ڕامیاری ناوچەکە کە بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی نێوان ڕێکخراوی تیرۆرستی بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام ناسراو بە(داعش) وهێزی پێشمەرگەی کوردستان خاوەن سەرمایەدارەکان لەبواری پیشەسازی سەرمایە بەگەڕنەخست بەڵکو ئەوەی لەم بوارەش بەگەڕیانخستبوو ڕایان گرت لەئەنجامدا هەندێك لەکارگەکانی دەڤەری لێکۆلینەوە لەکار کەوتن وەك کارگەی(نجار لەکەرتی خۆراك, کارگەیM.N.S لەکەرتی بیناسازی,دةكةونة ناحیةی کواشێ, وەکارگەی C.B.S.Paintsلەکەرتی کیمیاوی, کارگەی أراز لەکەرتی پلاستیك....هتد) دةكةونة ناحیةی باتیل لة قةزای سێمیل (حکومةتا هةرێما کوردستانێ ، وةزارةتا بازرطانیا و ئیشةسازیا ، ئشکا کومئوتەرا) .کەواتە سەرمایە بەگرنگترین وکاریگەرترین بنەمای پەرەپێدانی ئابووری بەگشتی وجێگیربوونی پیشەسازی بەتایبەتی دادەنرێت( **كفاية ، المصدر السابق ،ص273**).

**4-2 بازار:** یەکێکە لەو خاڵە گرنگانەی کە کاریگەری لەسەر جێنشینکردنی پیشەسازیدا هەیە،چونکە زیاتر لە نیوەی بەرهەمەکانی ئەم چالاکیە چالاکیەکی بەکاربەرن،بۆیە بەسروشتی خۆی لەبازارەکانەوە نزیك دەبێت هەندێ جار ئەم بازارانە کالای ڕۆژانە و پێویستی مرۆڤ دابین دەکەن،هەندی کات کالای نیمچە دروستکراو کەتایبەتە بەخاوەن کارگەکان دابین دەکەن. ئیتر ئەم بازارە ناوەخوی بێت وەکو شار یا لادێ. زۆر جاریش دەکرێ هەرێمی یاخود نێودەوڵەتی یان جیهانی بێت. لیکۆڵینەوە لەبازار لە دیدی جوگرافیای پیشەسازی دوو شت لەخۆ دەگرێت یەکەمیان قەبارەیەتی بەمانای ئەوە دێت ژمارەی ئەو کەسانەی ڕوو دەکەنە ئەم بازارە بۆ کڕینی ئەم کالانەی تیادا خراوەتەڕوو،دووەمیان توانای کڕینیان بەمانای ئاستی بژێوی تاکەکان دێت لەسەر ئەم بنچینەیە بازارەکان لەسەر ئاستی جیهان جیاواز دەبن( ابراهیم شريف واحمد حبيب رسول والسيد نعمان دهش،1982،ص ص 69-70) .

ئەوەی تێبینیمان کردووە قەبارەی دانیشتوان لەناوچەی لیکۆلینەوە بەردەوام لەزیاد بووندایە بە جۆریەك ژمارەی دانیشتوان لەساڵی 2010 لە(159394)کەس بووە دواتر بۆ ساڵی2015 گەیشتۆتە(187101)کەس (حکومـةتی هـةریَمی کوردستان ، وةزارةتی ئلان دانان ، بةشی ئاماری دانیشتوان).

سەرەڕای بوونی ئاوارەو پەنابەر كە ڕوویان لە قەزای سێمیل كردووە،ژمارەیان بریتی بوو لە(27%) لەكۆی پارێزگای دهۆك ( ڕێڤەبەرییا ئامارا پارێزگەها دهۆكێ ڤە بویە, 2015). هەموو ئەمانە كاریگەریان لەسەر فراوانبوونی بازارەكاندا هەبووە, وهۆكارێكی سەرەكی بوونە بۆ زیاد بوونی دامەزراوە پیشەسازیەكانی قەزای سێمیل.

سەبارەت بەئاستی بژێوی خەڵك لاواز بوو لەسەرەتایی ساڵی 2003 داهاتی تاكە كەس(273$)بوو بەڵام دوای چەند سالێك بژێوی خەڵك ڕووی لە گەشەكردن بوو تا كۆتای ساڵی 2013 داهاتی تاكە كەس(500$) بوو كەچی لەم ساڵانەی دوای بەرەو خراپی چوو گەیشتە(220$)بۆ ساڵی 2015 ئەمەش بەهۆی نالەباری بارودۆخی ئابووری وسیاسی هەرێمی كوردستان بەگشتی قەزای سێمیل بەتایبەتی بوو كە پێشتر ئاماژەمان پێكردووە (www.alghadpress.com).

**5-2 ووزە :** سەرچاوەكانی ووزە لەپیشەسازیدا بەپلەی یەك سوتەمەنی وكارەبا ودواتریش گازی سروشتی دێت،بەشێوەیەكی سروشتی ووزە بەكاردەهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی گەرمی كورەی توانەوە. لە ناوچەی لێكۆلینەوە ووزە بەشێوەی سووتەمەنی دەبێت و دواتربەكاردەهێنریت بۆ هێزی ماڵان كە بۆ جوڵەكردنی ئامێرەكان یان بزواندنی بەرهەمەكانیان بەكاری دەهێنن. بڕی تێچوی ووزە بەپێی جۆری پیشەسازییەكان دەگۆرێت،هەندی جار لەسەر ئاستی یەك پیشەسازی لەیەكەیەكی بەرهەم هێنان بۆ یەكەیەكی تر گۆڕنكاری بەسەردادێت. هەموو ئەمانە لە ئاكامی جیاوازی جۆری سەرچاوەكانی ووزە و ڕێگاكانی گواستنەوە و ئاستی تەكنیكی كە پیشەسازی لەسەر بنچینەی دروستكراوە ڕوودەدات.لەڕاستیدا بەردەستبوونی ووزەی كارەبا ونەوت وەك یەك گرنگن لە جێنشینكردنی پیشەسازی( سمیرة ،1980،ص285) .

سەبارەت بە ناوچەی لێكۆلینەوە كە دەولەمەندە بەسەرچاوەكانی ووزە وسووتەمەنی و توانراوە سوودی لێ وەربگرێت بەرێژەیەكی باش بەتایبەتیش ووزەی كارەبا،ئەمەش بەهۆی بوونی وێزگەی كارەبای غازی دهۆك كە لە هەشت یەكە پێكهاتوە و توانای بەرهەم هێنانی(1000)مێگاوات كارەبای هەیە ئەم یەكەیە لەساڵی 2009 بنیات نراوە,ئەم وێزگەیە دەكەوێتە ناوچەی(كواشێ) لەناحیەی سەنتەرە كە 35كم[2] دوورە لە سەنتەری پارێزگای دهۆك ئەم ناوچەیە بریتییە لە پشتینەیەكی پیشەسازی لەقەزای سێمیل(حكومەتی هەرێمێ كوردستان ، وەزارەتی كارەبا ، بەرێوەبەرایەتی كۆنترۆلی ناوەندی كارەبای هەرێم ، بەشی ثلان دانان ولێكۆلینەوە). ئەمانەش بە هۆكارێكی گرینگ دادەنرێن كە پیشەسازیەكانی بەشێوەیەكی گشتی پشت بەووزەی كارەبا ببەستن,سەرەڕای بوونی سوتەمەنی لەناوچەی لێكۆلینەوە هەر بۆیە قەزای سێمیل لەرووی كەرتی پیشەسازی لەدواڕۆژ دا پێشكەوتنی زۆر بەخۆوە دەبینێ.

**6-2 ڕێگای گواستنەوە وگەیاندن :** گواستنەوە و گەیاندن بەیەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكانی دامەزراندن و سەرهەڵدان ودرووستبوون وگەشەسەندنی پیشەسازی دادەنرێت. لەهەمان كاتدا بەبەشێكی تەواوكاری پرۆسەكانی بەرهەم هێنان هەژماردەكرێت( فواد خالد،2007،ص8). هەروەها بەبنچینەیەك دادەنرێت بۆ ئەنجامدانی گۆڕانكاریە ئابووری وكۆمەلایەتیەكان،لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازیدا پێویستیەكان بۆ گواستنەوە پێشخستن بەرزكردنەوەی توانای هۆكارەكانی گواستنەوە زیاد دەكات،هەروەها بۆ جێ بەجیكردنی پلانەكانی گەشەسەندنی ئابووری وكومەڵایەتی،لەگەڵ بەسەرچوونی قۆناغەكانی پێشكەوتنی ئابووری داواكاریەكان لەسەر هۆكاری گواستنەوە وگەیاندن زیاد دەكات،گومانی تێدانیە پێشخستنی ئەم كەرتە دەبێتە هۆكارێكی گرنگ بۆ خێراكردنی پرۆسەی بەرهەم هێنان وبەبازاركردن ودابەزاندنی بڕی تێچووی گشتی بەرهەم هێنان وە بەهاكەی لەبازارەكاندا (عباس،المصدر السابق،ص38).سەبارەت بەڕێگای سەرەكی گواستنەوە لە قەزای سێمیل،ڕێگای ئۆتۆمبیلە زۆربەی قەزاكە ڕێگای قیرتاوكراوە،بەپێی ئاماری وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە درێژیی ڕێگای قیرتاوكراو بۆ ساڵی 2016 لەناوچەی لێكۆلینەوە گەیشتۆتە(12.949)كم[2]،جگە لەوەی چەندین ڕێگای كۆنی قەزاكە نۆژەنكراوە بەتایبەتی ناحیەی سەنتەركە دەگاتە(8.148)كم[2](حكومەتا هەرێما كوردستانێ، وەزارەتا ئاظەدانكرن ونیشتەجێ كرنێ، داتا بلاظ نەكرێ 2016). لێرەدا دەكرێت بگوترێت ئەم ڕێگایەش تاڕادەیەكی بەرچاو پێشكەوتنی بەخۆوە بینووە,هەر ئەم ڕێگایەش بەكۆلەكەی چالاكیە ئابووریەكانی ناوچەكە دادەنرێت .

**7-2 سیاسەتی حكومەت :** كاریگەری سیاسەتی حكومەت خۆی نادۆزیتەوە تەنها لەدابەشكردنی پیشەسازیەكان وەك لەووڵاتە سوشیالیستەكان بەدی دەكرێت ئەمانە پشت دەبەستن بەپرانسیپی پلاندانانی پیشەسازی،بەڵكو لەووڵاتە سەرمایەداركانیش پیشەسازی كاریگەرە بەشێوەیەكی گەورە پەیوەستە بەسیاسەتی حكومەت ئەمە لەڕێگای دانانی یاسا ورێسا یاخود لەڕێگای دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ بێت.دەكرێ ئەم كاریگەریە نەرێنی بێت كە مەبەست لێی هاندان بۆ پیشخستنی پیشەسازیەكی دیاریكراو یاخود بۆ

گەشەسەندنی ناوچەیەكی دیاریكراو بێت وەیاخود دەكرێت ئەم كاریگەریە نەرینی بێت و بەربەست دانان لەپێشخستنی پیشەسازی یاخود قەدەغەكردنی دامەزراندنی پیشەسازی لەناوچەیەكی دیاریكراودا هەر بۆیە دەكرێت دابەشكردنی پیشەسازیەكان یان هەڵبژاردنی شوێنی پیشەسازیەكان لە ئەنجامی هاندانی حكومەت یاخود ئەنجامی سیاسەتی نەرێنی حكومەت بێت( **فؤاد،المصدر السابق،ص98) .** بەهۆی دەركردنی یاسای وەبەرهێنان لەلایەن حكومەتی هەریمی كوردستان ، هەر بۆیە سیاسیەتی حكومەت لەدەڤەری لێكۆلینەوە لەپەیرەوكردنی سیستەمی ئابوری بازار و بایەخدانە بەكەرتی تایبەت لەپرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری,هەروەها بەرزبوونەوی داواكاری لەبازاری كوردستان بۆكرینی كەلوپەل ودەست تێوەردانی حكومەت لەشوێنی پیشەسازی دەگەرێتەوە بۆهۆكاری سیاسی وئابووری كۆمەڵایەتی كە هەوڵ دەدات خۆی شوێنی پیشەسازی هەڵبژێرێ لەچەند ناوچەیەكی دیاریكراو بەهۆی هاندانی لەرێگای هاوكاری كردن ولێخۆشبونی بەشێك لەباج وەكو دیاری كردنی پشتێنەی پیشەسازی كواشی لەناحیەی سەنتەرە لەقەزای سێمیل بۆخاوەن كارگەكان بەمەبەستی یارمەتی دان هەر چەندە ناوچەكە لەرووی پێداویستیەوە كەم كوری هەیە. و یارمەتی دانەكان بەپێی پێویست نین هەروەكو خاوەن كارگەكان خۆیان باس دەكەن كە حكومەت بەپێی پێویست هاوكاری پێشكەش نەكردوون. جگە لەوەی زەوی پێداون بۆ ئەوەی كارگەی تێدا بمەزرێنن بەڵام مافی خاوەن كارگەكانی تیدا دەستەبەر نەكراوە،بۆیە ئەمە بەس نیە بۆ ئەوەی كارگەكان بەرەو بوژاندنەوە وپێشكەوتنی زیاتر هەنگاو بنێنن( **دیدارا دطةل فوئاد محمد خودانی كارطا، 31ی تةمووزی 2017).**

**8-2 دەرامەتی ئاو:** رەگەزێكی سەرەكییە لەپرۆسەی بەرهەم هێنان لەزۆرێك لەیەكەكانی بەرهەم هێنان. ئیتر ئەمە وەكو كەرستەی خاو بەكاربهێنرێت یاخود وەكو كەرستەیەكی یارمەتیدەر بۆ پاككردنەوە وساردكردنەوە وگەرمكردنەوە یان لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی بەهەڵم كردن یاخود بۆخواردنەوەو نەهیشتنی ئاگر،شایانی ووتنە پێویستی پیشەسازیەكان بۆ ئاوی شیرین بەپێی جۆری پیشەسازیەكان دەگۆرێن. بۆیە دەكرێت پێش دامەزراندنی پیشەسازی سەرچاوەكانی ئاو بەتایبەتی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی رەچاو بكریت و بەكەمترین تێچوو دابین بكرێت،چونكە هەندی جار فاكتەرێكی یەكلاكەرەوە دەبێت بۆ دیاریكردنی شوێنی دامەزراندنی پیشەسازی بەتایبەت ئەو پیشەسازیانەی پێویستیان بەبرێكی زۆر لەئاو هەیە ( **محمد ازهر سعيد السماك وعباس علي التميمي،المصدر السابق،ص ص138-139)**. بۆیە لێرەدا پێویستە دامەزراوە پیشەسازیەكان لەو ناوچانە جێگیر بكرێ كە نزیك سەرچاوەی ئاون. ئەم سەرچاوانە لە زۆربەی ناوچە پیشەسازییەكانی قەزای سێمیلدا هەیە,بەمەش لە(53%) دامەزراوەكانی پیشەسازی لە پێویستی سەرچاوەی ئاوی جێبەجێكراوە تەنها(60) كارگەی ناحیەی سەنتەر نەبێت رووبەرووی گرفت بوونە بەمەش لە(47%) دامەزراوەكانی پێكهێناوە (**حكومةتا هةريَما كوردستانىَ , وةزارةتا بازرطانيا و ثيشةسازيا , ريظبةريا ثيشةسازياطةشةثيَدانا ل دهوكى,ثشكا كومثوتةرا).**

**9-2 زەوی:** پێویستی پیشەسازیەكان بۆ زەوی بەپێی جۆری پیشەسازیەكان دەگۆرێت،ئەمەش بەپێی جیاوازی تایبەتمەندیە جیاوازەكان دەگۆرێت بەجۆرێك پیشەسازیە سووكەكان پێویستیان بەرووبەرێكی زەوی كەم هەیە وەك پیشەسازی جل وبەرگی ئامادەكراو،بەڵام لەبەرامبەردا پیشەسازیە قورسەكان پێویستیان بەرووپێوێكی فراوان هەیە و بەهەمیشەیی شوێنی دامەزراندیان دوورتر دەبێت لەناوچە ئاوەدانیەكان وەكو پیشەسازیەكانی ئاسن وپیتروكیمیاوی وكاغەز.....هتد(**عبد خليل وأحمد،1980، ص148)**. سەبارەت بە دەڤەری لێكۆلینەوە رووبەری زەوی بەكارهێنراو بۆ گشت كەرتە پیشەسازیەكان بەجیاوازی جۆرەكانیان لەساڵی 2016 گەیشتۆتە(195,485)دۆنم بەمەش لە(75%) رووبەری بەكارهێنراو بۆ دامەزراوی پیشەسازیەكان لەناحیەی سەنتەرە (**ريظبةريا ساخلةمنيبا دهوكى,رثيَوا ثيشةسازيا دةوروبةرا باذيَرا دهوكى و ثؤلا ضاوظديَريا ذينطةها دهوكى).**

**10-2ئاوهەوا:.** ئاوهەواش رۆلێكی گرنگی هەیە لەدامەزراندنی پیشەسازی وپێشكەوتنی و جێگیربوون و دیاریكردنی شوێنەكەی لەلایەكی تر,لەهەمان كاتدا سیفات و تایبەتمەندییەكانی ئاوهەوا و رەگەزكانی جیاوازن هەر یەك لەمانە بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ كاریگەریان هەیەلەسەر چالاكی پیشەسازدا هەیە,(عبد الزهره على الجنابى ,الجغرافيه الصناعيه,2012,ص86)

دەبێ ئەوەش بزانیین كەكاریگەری ئاووهەوا لەجۆرێك بۆ جۆرێكی تر لە كەرتەكانی پیشەسازیە گۆڕاوەكان جیاوازن بۆ نموونە ئاوهەوا بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ كاردەكاتە سەر كەرتی خۆراك وبیناسازی بەبەراورد لەگەڵ كەرتی كانزایی و كەرتەكانی تر,سەرباری ئەوەش ئاوهەوا كاردەكاتە سەرچاڵاكی كشتوكاڵی بۆ نموونە لەهەرێمێكی گەرم جیاوازە لەگەل ساردو فێنیك،جگە لەمەش لەناوچەی لێكۆلینەوە بڕی باران لەشوێنێك بۆ شوێنێكی تر جیاوازە. لەلایەكی تر قەزای سێمیل دوو ویستگەی (باتیل,سێمیل)تێدا بەدی دەكرێت كە لەوەرزی زستان تێكرایی پلەی گەرمی مانكی كانونی دووەم سارترین مانگی ساڵ بریتیە لە(3.5)پلەی سەدەی لەناحیەی سێمیل،(2.9)پلەی سەدەی

لەناحیەی باتێل. لەوەرزی هاوینش تێكرایی پلەی گەرمی مانگی تەمووز لەویستگەی سێمیل(21.4)پلەی سەدەییە , کەچی لە ویستگەی باتێل بریتیە لە(21.9) پلەی سەدییە.هەروەها جیاوازی لە تێكرایی دابارین لە نێوان ئەم دوو ناحیەدا هەیە,بڕی تێكرایی باران بارینی ساڵانی ناحیەی سێمیل دەگاتە(409.3)ملـم ،بەڵام لە ناحیەی باتێل دەگاتە(502.7)ملـم ( **دليرعزيز طه,مناخ محافظة دهوك، 2012,ص73)** .

هەموو ئەو جیاوازیانەی كە ئاماژەمان پێكرد كاردەكەنە سەر گەشەی كشتوكاڵ لە ناوچەی لێكۆڵینەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بەرووبومی قەزای سێمیل تەنها بەشێك لەپێداویستی خۆراكی دانیشتوان پردەكاتەوە بەڵكو هیچ سودێكی لێ وەرناگیرێت وەكو كەرستەی خاو بۆچالاكی پیشەسازی.بەڵام كاریگەری ناراستەوخۆی لەسەر كەرتی پیشەسازی بەتایبەتی لەرووی گواستنەوە و گەیاندن وەكو ڕووداوە سروشتیەكانی لەوانە بەفرو لافاو زریان ......هتد دا هەیە، زۆرجاریش لەناوچەی لێكۆلینەوە بەتایبەتی بەشی باكوور رێگاكان رووبەرووی بەربەستی سەختی هاتوچۆ دەبنەوە ئەمەش بەهۆی بەفربارینێكی زۆر ,كە تێكرایی بەفر بارینی ساڵانە لەناحیەی سێمیل دەگاتە(0.36)سم ، بەڵام لەناحیەی باكوور زیاترە و دەگاتە(5.5)سم **(دلير عزيز طه,المصدر نفسه ، ص77)** ، ئەمەش كاردەكاتە سەر گواستنەوەی بەرهەمی كارگەكان بۆ شوێنی مەبەست ،كاریگەری هەیە لەسەرگواستنەوەی كەرستەی خاوی پێویست بۆ كارگەكان .

**1-** دابەشبوونی جوگرافی پیشەسازییە گۆڕاوەكان لەقەزای سێمیل

قەزاری سێمیل چەندین جۆری جیاواز وهەمەچەشن لەكەرتەكانی پیشەسازییە گۆڕاوەكانی لەخۆوە گرتووە،بۆ پۆلینكاری كەرتە پیشەسازییەكان لەناوچەی لێكۆلینەوە بەباشی دەزانیین پشت ببەستین بەپۆلینكاری پیشەسازی پێوانەی نێودەوڵەتی(ISIC)،ئەم پێوەرە كەرتە پیشەسازیەكان دابەش دەكات بۆ نۆجۆری جیاواز لەكەرتی پیشەسازییە گۆڕاوەكان كە بریتیین لە كەرتەكانی(خۆراك،ڕستن وچنین،دار و بەرهەمەكانی دار، كاغەز،كیمیایی،پلاستیك،كانزایی،بیناسازی،ئەوانی تر) ( **پۆلینكاری كارگە پیشەسازییەكان بەپێی پێوانەی (پێوەری) نێوەدەوڵەتی (ISIC)، 2009،ل2)**.

بەسەرنجدانمان بۆخشتەی(2) بۆمان دەردەكەوێت كۆی كارگە پیشەسازییە طؤراوةكانى قةزاى سێمیل (128)كارطة و (2750)كريَكارة كة لە(38%)ی كۆی كارطەكانی و(51%) كريَكارى ثاريَزطاى دهؤك لة خؤدةطريَت, وة ئەم كارطانەی ناوچەی لێكۆلینەوە بەسەر نۆ جۆرلەكەرتی پیشەسازی جیاواز دابەش بووینە،زۆرترین ژمارەی كارگەی پیشەسازی لەقەزای سێمیل لەكەرتی بیناسازی كۆبۆتەوە كە ژمارەیان بریتیە لە(75) كارگە بەمەش(58.6%)ی كۆی كارگەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە پێك دەهێنێ،ئەو كارگانەش(1282) كرێكار تیایاندا كاردەكەن،بەو پێیە(46.6%)ی كۆی كرێكارانی قەزاكە پێك دێنێت برِى سةرمايةى تيَضوو بؤ طشت ثيَداويستييةكانى كارطةثيشةسازييةكان دةطاتة(10403200000) دينار كة(33%)ى كؤى سةرمايةي تيَضووى كارطةكانى ثيشةسازي طؤراوةكان لةخؤدةطريَت .دواتر كەرتی خۆراك بە(14) كارگە ڕیزبەندی دووەمی گرتووە،ئەویش(10.9%)ی كۆی كارگە پیشەسازییەكانی قەزاكەی پێكهێناوە،لەم كارگانە(522) كرێكار كاردەكەن،بەو پێیە(19%)ی كۆی كرێكارانی قەزاكەی پێكهێناوە، برِى تيَضوونى سةرماية لة بةهاى ئاميرَ وثيَداويستيةكانى كارطةكانى كةرتى ثيشةسازى خؤراك دةطاتة(8163909200) دينار, ئةويش (25.9%)ى كؤى برِى سةرمايةى كةرتةكانى ثيشةسازى تر ثيَكدةهيَنيَت. هەرچی كەرتی كانزایە بە(13) كارگە بەپلەی سێ یەم دێت كە دەكاتە(10.2%)ی كۆی كارگە پیشەسازییەكانی قەزاكە،ژمارەی ئەو كرێكارانەی لەكارگەكانی ئەم كەرتە كاردەكەن دەگاتە(367) كرێكار كە دەكاتە(13.3%)ی كۆی كرێكارانی قەزای سێمیل برِى سةرمايةى تيَضوو لةطشت ثيَداويستييةكانى كارطةثيشةسازييةكان دةطاتة(3935000000) دينار كة(12.4%)ى كؤى سةرمايةي تيَضووى كارطةكانى ثيشةسازي طؤراوةكان لةخؤدةطريَت .

**خشتەی(2) ژمارەی كارگەكان و ژمارەی كرێكار و ڕێژەكەیان بەگوێرەی كەرتەكانی پیشەسازی لە قەزای سێمیل ساڵی 2016**

| پیشەسازییەكان | كارگە | % | كرێكار | % | سةرماية/ دينار | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **خۆراك** | 14 | 10.9 | 522 | 19 | 8163909200 | 25.9 |
| **ڕستن و چنین** | - | - | - | - | - | - |
| **داروبەرهەمەكانی دار** | 2 | 1.6 | 106 | 3.9 | 2900000000 | 9.2 |
| **كاغەز** | - | - | - | - | - | - |
| **كیمیاوی** | 10 | 7.8 | 224 | 8.1 | 3311154500 | 10.5 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **پلاستیك** | 10 | 7.8 | 192 | 7 | 2520000000 | 8 |
| **کانزای** | 13 | 10.2 | 367 | 13.3 | 3935000000 | 12.4 |
| **بیناسازی** | 75 | 58.6 | 1282 | 46.6 | 10403200000 | 33 |
| **ئەوانی تر** | 4 | 3.1 | 57 | 2.1 | 260000000 | 1 |
| **گۆی گشتی** | 128 | 100 | 2750 | 100 | 31493263700 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:حکومەتا هەرێما کوردستانێ ,وەزارەتا بازرگانیا و پیشەسازیا , ریڤبەریا پیشەسازیا گەشەپێدانا ل دهوکی,پشکا پلان دانان ,2016, (زانیاری بلاڤ نەکری) .

کەچی کەرتەکانی( کیمیایی و پلاستیك) بەهەمان ئاستن کە(10) کارگەیان لەخۆوە گرتووە. بەمەش (7.8%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوەیان پێکهێناوە. بەڵام ژمارەی کرێکاریان یەك بەدوای یەك بریتییە لە (224)،(192)کرێکار بەمەش(8.1%)،(7%)ی کۆی کرێکارانی قەزای سێمیلیان پێکهێناوە برِی سەرمایەی تێضوو لەطشت ثێداویستییەکانی کارطةثیشةسازییةکان یەك بەدوای یەك بریتییە (3311154500), (2520000000)دینار بةمةش (10.5%),(8%)ی کۆی سةرمايةي تێضووی کارطةکانی ثيشةسازي طۆراوةکانیان لةخۆدةطرێت. کەرتی ئەوانی تر تەنها لە(4)ی کارگە پێکهاتوون واتە(3.1%)ی کارگەکانیان لەخۆوە گرتووە،تیایاندا(57) کرێکار کاردەکەن،بەمەش(2.1%)ی کۆی کرێکارانی قەزاکە پێك دێنن برِی سەرمایەی تێضوو لەطشت ثێداویستییەکانی کارطة ثیشةسازییةکان دةطاتة(260000000) دینار کة(1%)ی کۆی سةرمايةي تێضووی کارطةکانی ثيشةسازي طۆراوةکان لةخۆدةطرێت بەڵام هەرچی کەرتی دارو بەرهەمەکانی دارە کەمترین ژمارەی کارگەی پیشەسازی لەقەزاکە پێك دێنێت و دەگاتە(2) کارگە واتە(1.6%)ی کۆی کارگە پیشەسازییەکانی قەزاکە پێك دێنێت،ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەکارگەکانی ئەم کەرتە کاردەکەن دەگاتە(106) کرێکار کە دەکاتە(3.9%)ی کۆی کرێکارانی قەزای سێمیل برِی سەرمایەی تێضوو لەطشت ثێداویستییةکانی کارطةئةم کةرتة دةطاتة(2900000000) دینار کة(9.2%)ی کۆی سةرمايةي تێضووی کارطةکانی ثيشةسازي طۆراوةکان لةخۆدةطرێت.

بەئامانجی ڕوونکردنەوەی زیاتر و چۆنیەتی دابەشبوونی کەرتەکانی پیشەسازی بەپشت بەستن بەخشتەی(3) هەوڵدەدەین لەسەر ئاستی هەر یەك لە یەکە کارگێرییەکانی قەزاکە باسیان لێوە بکەین.تێکرای ژمارەی کارگە پیشەسازیەکان لەقەزای سێمیل بریتییە لە(128) کارگەی جۆراوجۆرن، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لەم کارگانە کاردەکانە بریتیین لە(2750) کرێکار.

کارگە پیشەسازییەکانی قەزاکە بەشێوەیەکی جیاواز بەسەر یەکە کارگێریەکان دابەش بووینە بەم شێوەیە ناحیەی سەنتەر(سێمیل) بە(95) کارگە کە دەگاتە(74.2%)ی کۆی کارگە پیشەسازییەکانی قەزاکە وە(1954) کرێکار کە دەکاتە(71.1%)ی کۆی کرێکارانی ناوچەی لێکۆلینەی ڕیزبەندی یەکەمی وەرگرتووە،دوای ئەو ناحیەی باتێل لەنێو یەکە کارگێریەکانی قەزاکە لەڕووی ژمارەی کارگە وکرێکار ڕیزبەندی دووەمی،ناحیەی ناوبراو(17) کارگەی لەخۆوە گرتووە بەمەش(13.3%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە پێك دێنێت،ژمارەی کرێکارانیش لەم کارگانە بریتیین لە(468)کرێکار،بەمەش(17%)ی کۆی کرێکارانی ئەم ناحیەیە لەسەر ئاستی قەزاکە لەخۆوەگرتووە.دوابەدوای ئەو ناحیەی فایدە ڕیزبەندی سێیەم وەردەگرێت بە(16) کارگە،کەواتە(12.5%)ی کۆی کارگەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە پێك دێنێت،ژمارەی کرێکارانیش لەم کارگانە بریتیین لە (328)کرێکار،بەمەش(11.9%)ی کۆی ژمارەی کرێکارانی قەزای سێمیل پێك دێنێت .

**خشتەی (3) ژمارەی کارگە وکرێکاری بەپێی یەکە کارگێڕییەکان لە قەزای سێمیل ساڵی 2016%**

| ناحیەکان | ژمارەی کارگە | % | ژمارەی کرێکار | % |
|---|---|---|---|---|
| **باتیل** | 17 | 13.3 | 468 | 17 |
| **سەنتەر** | 95 | 74.2 | 1954 | 71.1 |
| **فایدە** | 16 | 12.5 | 328 | 11.9 |
| **گۆی گشتی** | 128 | 100 | 2750 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە:حکومەتا هەرێما کوردستانێ ,وەزارەتا بازرگانیا و پیشەسازیا , ریڤبەریا پیشەسازیا گەشەپێدانا ل دهوکی,پشکا پلان دانان ,2016, (زانیاری بلاڤ نەکری) .

**1-3 پێوانەکردنی شێوازەکانی دابەشبوونی پیشەسازی**

بەمەبەستی زیاتر ئاشنا بوون بەشێواز و چۆنیەتی دابەشبوونی کەرتە پیشەسازییەکانی قەزای سێمیل هەوڵدەدەین پشت ببەستین بەو پێوەرانەی کە بەکاردەهێنرێن لەدابەشبوونی شوێنی کارگە پیشەسازییەکان ئەمەش بەئامانجی پیشان دان وخستنەڕووی زادەی چڕبوونەوە و هەمەچەشنی کەرتە پیشەسازییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە. بۆ ئەو مەبەستە لێرەدا بەباشی دەزانین بەشێوەیەکی تیشك بخەینە سەر هەر یەکەیان :

**1-1-3 پێوانەکردنی چڕبوونەوەی پیشەسازی**

یەکێکە لەشێوازەکانی پێوانەکردنی چەندایەتی و چۆنایەتی لەگشت کەرتە پیشەسازییەکان کە خۆی لە ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکان و ژمارەی کرێکار لەکەرتی پیشەسازیدا دەبینێتەوە بەواتایەکی تر چڕبوونەوەی پیشەسازی بریتییە لەو پێوانەیەی کە دابەشکردنی شوێنی بۆ کەرتەکانی پیشەسازی لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا دەکات،لە وولاتێکدا یان لەهەرێمێکدا ئەمەش یارمەتی دەرە بۆ خستنەڕووی ژمارەی پرۆژە و دەمەزراوە پیشەسازییەکان بەشێوەیەکی زانستی ودروست ( احمد حبيب،دون سنة طبع ،ص121) .

بەگوێرەی ئەم پێوەرە دەکرێ پلەی چڕبوونەوەی پیشەسازی لەقەزای سێمیل بۆساڵی 2016 دیاری بکەین بەپێی یەکە کارگێرییەکان.بۆ دەرخستنی ئەمەش پشت دەبەستین بەخشتەی(4) کە دابەش دەکرێت بەسەر ژمارەی جیاواز:-

ناحیەی باتیل بە بەهای(1) بەپێشەنگی ناحیەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دێت،ئەمەش ئەو یەکەکارگێریە بەهای چڕبوونەوەی پیشەسازییەکانی تێدا هەیە بەڵام لەئاستێکی مام ناوەندە. دواتر پلەی چڕبوونەوەی پیشەسازی لەناحیەی فایدە تۆمارکراوە,بە بەهای(0.85)،ئەمەش ریزبەندی دووەمی وەرگرتووە واتە ناحیەی فایدە دەکەوێتە دوو ئاستی جیاواز لەڕووی پلەی چڕبوونەوەی پیشەسازییەکان . ناحیەی سێمیل دەکەوێتە چوارچێوەی ئاستی چڕبووەنەوەی نزمتر بەبەراورد ناحیەی پێشوو کە بەهای چڕبوونەوەی دەگاتە (0,67%)،بەدوا ئاستی پلەی چڕبوونەوەی پیشەسازی دادەنرێت لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

**خشتەی(4) دابەش بوونی ناحیەکان بەپێی بەهای چڕبوونەوەی پیشەسازی لەقەزای سێمیل ساڵی 2016**

| ذ | ناحیەکان | پلەی چڕبونەوەی پیشەسازی |
|---|---|---|
| 1 | باتیل | 1 |
| 2 | فایدە | 0.85 |
| 3 | سێمیل | 0.67 |

سەرچاوە: کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی (1)

تێبینی/ بۆ دەرهێنانی چڕبوونەوەی پیشەسازی لە قەزای سێمیل لەپاشکۆی (1) ڕوون کراوەتەوە .

**2-1-3 پێوانەکردنی هەمەچەشنی پیشەسازی**

هەمەچەشنی پیشەسازی یەکێکە لەو بابەتە گرنگ وسەرەکیانەی کە توێژەر لەکاتی توێژینەوەی جوگرافیای پیشەسازی بەهەندی وەردەگرێت وسوودی زۆری لێ دەبینێت،چونکە دەبێتە هۆی دیارکردنی پسپۆری پیشەسازی. ئەمەش بوونی جۆراوجۆریەتی پیشەسازی لە وولات وهەرێمکی دیارکراو دەردەخات . پێوانەکردنی هەمەچەشن لەهەر یەکەیەکی دیاریکرودا بەکاردێ ئەمەش بەپشت بەستن بەژمارەی کارگە و کرێکار،دەتوانرێ وەك پێوەرێك بۆ بەدیارخستن ودیاریکردنی پلە وئاستی هەمەچەشنی پیشەسازی بەکاردێت(سميرة كاظم ، المصدر السابق ،ص163) .

سەرەڕای ئەوەی چەندین ڕێگای پێوانەکردنی جۆراوجۆر وهەمەچەشنی پیشەسازی هەیە،بەڵام ئێمە بۆ پێوانەکردنی پلەی هەمەچەشنی پیشەسازی لەناوچەی لێکۆلینەوە پابەند بووین بەڕێگای جبس-مارتن(Martin-Gtibs)،ئەمەش یەکێکە لەو هاوکێشانەی کە بۆ پێوانە کردنی پلەی هەمەچەشنی بەکاردێت( محمد ازهر،عباس علي،المصدر السابق،ص ص 275-277). ئەم ڕێگایە بەبەراورد لەگەڵ ڕێگاکانی تر بەباشترین وگونجاوترین ڕێگا دادەنرێت بۆ خستنەڕووی داتا وزانیاری تایبەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە،ئەمەش دوای بەکارهێنانی ئەم مۆدێلەی پێوانەکردن و دەرئەنجامی هەریەك لەیەکە کارگێرییەکان بەهۆی جیاوازی کەرتە پیشەسازییەکان جیاوازن. وەك لەخشتەی(5) بەدیاردەکەوێت،سەرباری ئەوەی دیاری کردنی ئاستەکان بەپێی جیاوازی دەرئەنجامەکە دەگۆرێت .

پلە هەمەچەشنە بەرزە بەڕادەیەكی زۆر لەقەزای سێمیل لەناحیەی فایدە دیاریكراوە،بە پلەی(0.48)، ئەمەش بەڵگەی ئاستێكی بەرزی ئەم ناوچەیەیە لە بوونی پیشەسازی جۆراوجۆری پیشەسازی.لێرەدا دەتوانیین بڵێین كە پێكهاتەی پیشەسازی ئەم ناحیەیە بەرزترە بەبەراورد پلەی هەمەچەشنی ناحیەی سەنتەر بەهاوكۆلكەی(0.72) دەكەوێتە نێوان ناحیە جیاواز لە ژمارەدا,ئەمەش لەئەنجامی بوونی شەش جۆر لەكەرتی پیشەسازی هەمەچەشن لەناحیەی سێمیل دەردەكەوێت. هەروەها پلەی هەمەچەشن لەناوچەی لێكۆلینەوە كە لە ناحیەی باتیل بوونی هەیە. بەرزترین هاوكۆلكەی پوختەی پلەی هەمەچەشن لەناحیەی باتیل دەگاتە(0,75) پلە،ئەمەش بەپلەیەكی نزمتر دادەنرێت بەبەراورد دووناحیەی پێشوولەناوچەی لێكۆلینەوە.

**خشتەی (5) دابەش بوونی ناحیەكان بەپێی بەهای هەمەچەشنی پیشەسازی لەقەزای سێمیل ساڵی 2016**

| ژ | ناحیەكان | هاوكۆلكەی هەمەچەشنی ناحیەكان (معامل تنوع صافي) |
|---|---|---|
| **1** | فایدە | **0.48** |
| **2** | سێمیل | **0.72** |
| **3** | باتیل | **0.75** |

**سەرچاوە: كاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشكۆی (2)**

**تێبینی/ بۆ دەرهێنانی چڕبوونەوەی پیشەسازی لە قەزاكان پارێزگای هەولێر لەپاشكۆی (2) روون كراوەتەوە .**

### 4- گیروگرفت وبەربەستەكانی پیشەسازییە گۆڕاوەكان وچارەسەركردنیان وئایندەی

دوای بەرچاوخستنی گرنگترین بنەماكانی جێگیربوونی پیشەسازی،دواتریش شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دامەزراوە پیشەسازییەكان لەقەزای سێمیل،بەهۆی بوونی چەند پێوەریكی دیاریكراو تیایدا بۆمان روون بۆوە كە دامەزراوە پیشەسازییەكان بەشێوەیەكی جیاواز لەڕووی چڕبوونەوەی هەمەچەشنی كەرتی یشەسازی دابەش بووینە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەریەك لەو بنەمایانەی كە كاریگەری تایبەتیان لە جیاوازی دابەش بوونی دامەزراوە پیشەسازییەكاندا هەبوو لەناوچەی لێكۆلینەوە،سەرباری ئەوەی چەند گرفت وئاستەنگێك رووبەرووی كەرتی پیشەسازی بۆتەوە لەقەزای سێمیل.لێرەدا هەوڵ دەدەین بەهۆی بوونی فۆڕمی ڕاپرسیەوە ئاماژە بەچەند بەربەست وگرفتێكی تایبەت بكەین،دواترچارەسەری گونجاویان بۆ دیاربكەین .

### 1-4 گیروگرفتی دامەزراوە پیشەسازییەكانی قەزای سێمیل

پەرەسەندنی ئابووری بەگشتی و كەرتی پیشەسازی بەتایبەتی لەهەر ناوچەیەك و هەرێمێكدا،وابەستەیە بەگشت بوارەكان،هەریەكەیان ڕۆڵی سەرەكی وكاریگەر دەبینن لەپێشكەوتن و دواكەوتنی پیشەسازی،بۆیە هەر كەم وكوریەك لەبوارێكدا هەبیت ، دەبێتە مایەی دروست بوونی گرفت(ئاستەنگە) لەبەردەم دامەزراوە پیشەسازیەكان.لەم سۆنگەوە گیروگرفتی دامەزراوە پیشەسازییەكانی قەزای سێمیل جیاوازن ، گرینگترینیان ئەمانەن :

1 -یەكێك لەگرفتە سەرەكیەكانی دامەزراوە پیشەسازییەكانی قەزای سێمیل بریتییە لەگرفتی كەمی یان نەبوونی شوێنی پێویست بۆ جێگیربوونی دامەزراوە پیشەسازییەكان ، ئەمەش لەئەنجامی كەمتەرخەمی وەزارەتی شارەوانی لەپرۆسەی دابین كردنی زەوی پێویست بۆ دامەزراندنی كارگەی پیشەسازی لەوانەش درێژی ماوەی تەرخانكردن وپێدانی مۆلەتی زەوی پێویست،سەرباری دیاری كردنی شوێنی ناوچەی پیشەسازی بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی خاوەن كارگە پیشەسازییەكان،لەهەمان كاتدا بەرزی نرخی كرێی زەوی بۆ خاوەن پرۆژە پیشەسازیەكان،پێش ساڵانی 2014 نرخی كرێی زەوی بۆ خاوەن پرۆژە پیشەسازیەكان بۆ(1) مەتر بریتی بوو لە(150)دینار بەڵام بۆ ساڵی 2015 نرخەكە هەلاوسانی بەخۆیەوە بینی وگەیشتە(2500)دینار بۆ هەر مەترێك ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێكی كەكاریگەری نەرێنی لەسەر پرۆسی پەرەپێدانی پیشەسازی لەناوچەی لێكۆلینەوە دروست كردووە(ضاوثێكەوتن لةطةلَ ئةحمةد زوبێرَ ئةحمةد ، 31ی تەمووزی 2017).

2- كەمی سەرچاوەی ووزە وسووتەمەنی،بەهۆی بەرزی نرخی تێچوونی ووزە و سووتەمەنی وكارەبا كاریگەری نەرێنی كردۆتە سەر ئەكتیڤكردن وبەگڕ خستنی ئامێر مەكینەكانی كارگەكان و ئاستی بەرهەم هێنان،شایانی باسە بڕی ووزەی بەكارهاتوو لەناوچەی لێكۆلینەوە لەكارگەیەك بۆ كارگەیەكی تر گۆڕانكاری بەسەردادێت بەپێی جیاوازی جۆری كەرتەكانی پیشەسازی،هەندێك پیشەسازی

پێویستی بەسەرچاوەی ووزە و سووتەمەنی وبڕی كارەبای زۆرە،لەئەنجامی ڕاپرسیە بۆمان دەردەكەوێت لە قەزای سێمیل بۆ نموونە(كۆمپانیای گلاد) كەتایبەتە بەدروست كردنی كەلو پەلی ئاسنی و دەچێتە چوارچێوەی كارگە قەبارە گەورەكان بۆیە بەبڕێكی زۆر ووزەی كارەبا بەكاردەهێنێت.وە بەرزی نرخی یەكەی ووزەی كارەبا بۆ ناوچەی لێكۆلینەوە گرفتێكی ترە،بەر لە 2014 نرخی یەكەی ووزەی كارەبا بۆ ناوچە پیشەسازییەكان لەقەزای سێمیل بە(60) دینار بوو،بەڵام بۆ ساڵی 2015 -2017 نرخەكە هەلاوسانی بەخۆیەوە بینیوە وگەیشتۆتە(135) دینار،ئەمەش خۆی لەخۆیدا گرفتێكە ڕووبەڕووی دامەزراوە پیشەسازیەكانی ناوچەی لێكۆلینەوە بۆتەوە.

كەمی كاتی پێدانی ووزەی كارەبا كە ڕۆژانە لە12-14 كاتژمێرە،بۆتە گرفت بۆ زۆربەی دامەزراوە پیشەسازیەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە. كاردەكاتە سەر پرۆسەی بەرهەمهێنان وبڕی بەرهەمی كارگەكانی قەزای سێمیل، سەرباری ئەوەی بەشێك لە دامەزراوەی پیشەسازیەكان پێویستیان بەسەرچاوەی وزەی كەم هەیە، چونكە زیاتر پشت بەسووتەمەنی دەبەستن،هەرچەندە لەساڵانی 2015 -2017 نرخی سووتەمەنی لەناوچەی لێكۆڵینەوە هەڵكشانی بەخۆیەوە بینیووە، لە 2015 نرخی سووتەمەنی پێویست بۆ خاوەن كارگەكان(200$) بوو بەڵام لەبازار بە(450$) بوو،دوای 2017 نرخی سووتەمەنی پێویست بۆ خاوەن كارگەكان بوو بە(700$) كەچی لەبازاربە(500$) بوو ، ئەمەش یەكێك بوو لە و گرفتانەی كە لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و بڕی بەرهەم وتێچوونی بەرهەمهێنانی بەرهەمی كارگە پیشەسازییەكان لەناوچەی لێكۆلینەوەدا هەبوو(رێڤبەریا پیشەسازیاگەشەپێدانا ل دهوكی, پشكا هونەری,داتای و زانیاری بلاڤ نەكرا). لێرەدا بۆمان دەردەكەوێت كە نەبوونی یاخود كەمی ووزەی كارەبا و بڕی سووتەمەنی پێویست لەناوچەی لێكۆڵینەوە بۆتە هۆكار بەرزبوونەوەی نرخی تێچوون و بەبازار نەبوونی بەرهەمە ناوخۆیەكان .

3 - كەمی كەرستەی سەرەتایی(خاو) بەردەست بۆ دامەزراوە پیشەسازیەكانی لە قەزای سێمیل، بەپێ ی ئەو زانیاری ولێكۆڵینەوانەی كە لەسەر ناوچەكە كراوە ئاماژە بەوە دەكەن كە ناوچەكە بەسەر چەند جۆرێك لەپێكهاتەی جیۆلۆجی دابەش بووە،كە خاوەن دەرامەت و سامانێكی گرنگە بەهۆی بوونی كەرستەی كشتوكاڵی وئاژەڵی و كانزایی و......هتد، سەرباری ئەوەش كەمی كەرستەی خاوی بەردەست لەناوچەی لێكۆلینەوە بووە گرفت بۆ خاوەن كارگە پیشەسازیەكان، بۆیە بەرهەم هێنەكان پەنایان بردە بەرئەوەی تاسەرمایەی نیشتمانی ببەنە دەرەوە و كەرستەی خاو لەووڵاتانی دەرەوە هاوردەی هەرێمی كوردستان بەگشتی و قەزای سێمیل بەتایبەتی بكەن،ڕاستی ئەمە لە ئەنجامی ڕاپرسیە بۆمان دەر دەكەوێت لە قەزای سێمیل(90%)ی كەرستە سەرەتایەكان بۆ دامەزراوە پیشەسازییەكان لەگشت كەرتەكانی قەزای سێمیل لەدەرەوە هاوەردە كراون،تەنها(10%)ی كەرستە خاوەكان خۆمالین ولەناوەخۆ دابین دەكرێت،ئەمەش یەكێكی ترە لەو گرفتانەی كە ڕووبەڕووی دامەزراوە پیشەسازیەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە بۆتەوە،چونكە بەهۆیەوە نرخی تێچوونی گواستنەوە ڕوو لەهەڵكشان دەكات،بەمەش پرۆسەی بەرهەم هێنان و نرخی بەرهەم بەرز دەبێتەوە.

4- كەمی ئاوی پێویست یەكێكی ترە لەو گرفتانەی كە دامەزراوە پیشەساییەكانی قەزای سێمیل پێوە دەناڵێنن،ئەم گرفتەش بەزۆری لە ناوچەی(كواشی) دەردەكەوێت،ئەم ناوچەیەش ناوچەیەكی تایبەتە بەدامەزراوە پیشەسازییەكان و دەكەوێتە ناحیەی سەنتەر كە(60) كارگەی لەخۆگرتووە. هۆكاری ئەم گرفتەش دەگەڕێتەوە بۆ كەم تەرخەمی وەزارەتی ئاو وئاوەرۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەمەش بە پشت گوێخستنی كارگە پیشەسازیەكان،بۆیە خاوەن كارگە پیشەسازیەكان بەناچاری ئاوی پێویست بە پارە بۆ كارگەكانیان دابین دەكەن. ئەم گرفتەش كاریگەری نەرێنی لەسەر كوالێتی بەرهەم و بەرزی نرخی تێچوونی بەرهەم دروست كردووە .

5- گرفتێكی تر بریتیە لەبەرزی باجی گومرگی ئەم گرفتە لەناوچەی لێكۆڵینەوە بەدی دەكرێ و كاریگەری نەرێنی لەسەر دامەزراوە پیشەسازییەكان دروست كردووە، چونكە زۆری باجی گومرگ لەسەر خاوەن كارگەكان لەناوچەی لێكۆلینەوە بۆتە هۆكاری دروست بوونی ئاستەنگ بەتایبەتی لەكاتی دامەزراندنی كارگەیەكی پیشەسازی بەشێكی زۆر لەنرخی دامەزراوە پیشەسازیەكان دەچێتە چوارچێوەی باج و ڕەسمی گومرگ،كە بەهۆی هاوردەكردنی ئامێرو مەكینە و ئالەتانەی كە لەكارگە پیشەسازییەكان دەیخەنە گەڕ،سەرەرای بوونی باجی ساڵانەی زەویش.

6- گرفتێكی تر بریتیە لە نەبوونی سیستەمێكی ڕێكوپێك بۆ جۆراوجۆری كارگەكان لە قەزای سێمیل،واتە ئەو كارگانە لەكەرتی جیاوازن و لەیەكتری نزیكن، بەتایبەتی كەرتی كیمیاویی لەپاڵ كارگەیەكی كەرتی خۆراكە ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بۆتە گرفت و بڵاوبوونەوەی دووكەڵ و پاشەڕۆ كە هەموو ئەوانە كاردەكەنە سەر ژینگەی ناوچەكە و بەژهراوی بوونی ژینگەكە. لەلایەكی تر بوونی كارگەیەكی چیمەنتۆ لەكەرتی بیناسازی لەپاڵ كارگەی دار ویاخود بوونی كارگەیەكی بیناسازی وەك(كارگەی گارۆك) لەپال كارگەیەكی خۆراكی وەك(كارگەی سەروەر)....هتد. هەموو ئەمانە كاردانەوەی خراپی لەسەر كارگەكان و كرێكاران وبەرهەمەكانیان دروست كردووە،لەئەنجامی ئەمانەدا خاوەن كارگەكان نیگەرانن و چەندین كرێكار وازیان لەكارەكانیان هێناوە چونكە كاركردن لەم جۆرە ژینگەیەدا كارێكی ئەستەمە. هەر بۆیە خاوەن كارگەكان سكالایان دژی شارەوانی كردووە بۆئەوەی هاوكاریان بكەن و پاشماوەی كارگەكان لەناوچانە دووربخەنەوە و ژینگەی ناوچەكە پاك بكەنەوە. لە كۆتایدا هەموو ئەم گرفتانەی ئاماژەمان پێكرد ڕاستی ئەوە دەسەلمێنێ كە ناوچەی لێكۆڵینەوە لەچوارچێوەی

وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دایە ولەقۆناغێکی پێگەیشتن وپەرەسەندن دایە بۆیە ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە بۆتە. دەبێ ئەوەش بزانیین کە بوونی هەر گرفت و کۆسپێك چارەسەرێکی گونجاوی هەیە ئەمەش بەپێی پلان وبەرنامەی تایبەت و تۆکمە و سەرکەوتوو دەبێت،بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین لەبابەتی داهاتوودا باس لەگرنگترین خاڵی چارەسەر تایبەت بەناوچەی لێکۆلینەوە بکرێت .

**2-4 چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی پیشەسازیە گۆڕاوەکان لەقەزای سێمیل**

دوابەدوای ڕوون کردنەوە وخستنەڕووی ڕەوشی پیشەسازیە گۆڕاوەکان لەقەزای سێمیل گەیشتینە ئەو دەرئەنجامەی کە ناوچەی لێکۆلینەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفت و بەربەست بۆتەوە،کە هەر یەك لەم گرفتانە کاریگەری نەرێنیان کردۆتە سەر پێشکەتن و بوژاندنەوەی کەرتی پیشەسازی لەقەزای سێمیل،هەر بۆیە پێویستە گرنگی وبایەخی زۆر بەلایەنی پیشەسازی بدرێت . ئەمەش بە چارەسەرکردن و نەهێشتنی ئەم گرفتانە دێتە کایەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد،لەم ڕوانگەوە پێویستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێ بەجێ بکرێت بەپشت بەستن بەئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسیەوە کە بریتیین لە :

1 - دانانی نەخشە وپلانێکی زانستی و سەردەمیانە بۆ دیاریکردنی ڕووبەری زەوی تایبەت بە پرۆژە پیشەسازیەکان و سوود وەرگرتن لەو زەویانە بۆ چالاکیەکانی پیشەسازی و دامەزراوە پیشەسازیەکان لەپێناو زیاد کردنی بڕی بەرهەم و توانای بەرهەمی ساڵانە لەناوچەی لێکۆلینەوە. سەرباری چاوخشاندنەوە بەنرخی کرێ ی زەوی پیشەسازی ئەمەش بەکەمکردنەوەی بۆ(100دینار) بۆ هەر مەترێك بەپێی یاسای دیاری کراوی تایبەت بەگەشەپێدانی پیشەسازی. هەروەها پاراستنی ژینگەی ئەو شوێنانەی کەتایبەتە بەدامەزراوە پیشەسازسەکان

2 - دەبێ هانی کەرتی کشتوکاڵی بدرێ بۆ بەرهەم هێنانی ئەو بەرهەمانەی کە لەکەرتی پیشەسازی بەکاردەهێندرێت،سەرباری ئەوەی کە ڕەوشی سیاسی کاریگەری لەسەر هاوردەکردنی کەرستەی خاو لەدەرەوە دا هەیە،هەر بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری بکات بۆ خاوەن کارگە پیشەسازیەکان بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی کەرستە خاوەکان لەدەرەوە هاوردە بکەن.

3 - دابین کردنی سووتەمەنی پێویست لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بۆ کارگە پیشەسازیەکان بەنرخێکی گونجاو لەوانە( نەوتی ڕەش – گازۆیل .....هتد). و پێدانی ووزەی کارەبای پێویست بۆ پرۆژە پیشەسازیەکان بەپێی پلانی گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی،ئەم پلانەش بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارەبا بەپێی دانان و جێ بەجێکردنی پلانێکی تایبەت بە پێدان و دانانی نرخی کارەبای گونجاو بۆ کارگە پیشەسازیەکان کەکارنەکاتە سەر زیاد بوونی نرخی بەرهەمەکانیان .

4 - چاوخشاندنەوەو هەموارکردنەوەی یاساکان و دەرکردنی ڕێنمای پێویست بۆ لێخۆشبوون لەباجەکان و ڕەسمی گومرگی لەسەر خاوەن کارگە پیشەسازیەکان،هەروەها بەخشینی خاوەن کارگە پیشەسازیەکان لەرسوماتی گومرگی بۆماوەی(پێنج ساڵ)،بەخشین لەباج بۆ ماوەی(دە ساڵ) بەپێی یاسای ژمارە(20)ی ساڵی 1958(**وةزارةتى بازرطانى وثيشةسازى ،بةريَوةبةرايةتى طشتى طةشةثيَدانى ثيشةسازى ، كةرتى تايبةت**).

5- دانانی ماستەر پلانێك بۆ دامەزراندن و جۆراوجۆریەتی کاری ناوچەکانی پیشەسازی بەسیستەمێکی پێشکەوتوو،وسەردەمیانە و گونجاو،واتە دەبێ ماستەر پلانێك بۆ دامەزراندنی ناوچەپیشەسازیەکان و جۆری کاری کارگەکان بەپێی چالاکیەکانیان دیاری بکات،پێویستە ئەم کارەش بەپێی توێژینەوەیەکی زانستی وئەکادیمی ئەنجام بدرێت و پسپۆری تایبەت بەم بوارە کاری تێدابکەن. بەمەش چارەسەری گرفتی تێکلاوی جۆری کارەکانی کارگە پیشەسازیەکان دەکرێت لەناوچەی لێکۆلینەوە .

**3-4 ئایندەی پەرەسەندنی پیشةسازیە گۆڕاوەکان لە قەزای سێمیل**

لەدواڕۆژدا چارەسەر کردنی گرفتەکانی پیشەسازی گۆڕاوەکان لە ناوچەی لێکۆلینەوە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو پەرەپێدانی کەرتە ئابووریەکان بەگشتی وکەرتی پیشەسازی, بەمەش ئاستی داهاتی نەتەوەی هەڵکشانی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت, هەروەك ئاشنایەکەرتی پیشەسازی بەیەکێك لەگرنگترین چالاکیە ئابووریەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە هەژمار دەکرێت، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت قەزای سێمیل ببێتە ناوچەیەکی فراوانی جێگیربوونی دامەزراوە پیشەسازییەکان,ئەمەش لەئەنجامی پاڵپشتی کردنی دارشتنی پلان و سیاسەتێکی تۆکمە لەلایەن حکومەت،چونکە لەم بوارەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یاسایەکی تایبەت بەدامەزراوە پیشەسازییەکان بۆ ساڵی 2018 دەرکردووە کەبریتیە لە هەرزان کردنی نرخی جێگیربوونی دامەزراوە پیشەسازیەکان لە(2500)دینار بۆ(750)دینار بۆ هەر مەترێك چوارگۆشە, ئەم هەنگاوەی حکومەت ڕۆڵێکی گرنگ لەجێگیربوونی دامەزراوە پیشەسازییەکان لەناوچەی لێکۆلینەوەدا دەبێت, جگە لەمەش لێخۆشبوون لەباجەکان وپێشکەش کردنی هاوکاری بە وەبەرهێنان بەتایبەتی بۆ پرۆسەی هاوردەکردنی ئامێرو مەکینە و پێداویستیەکانی دامەزراوەکان,سەرەرای یارمەتی دانی حکومەت لەپێدانی پێشینەی(صلفة)کەرتی پیشەسازی بەخاوەن دامەزراوەکان،ئەمەش بەبەخشینی لە(75%)لەکۆی بڕی تێچووی هەر دامەزراوێکی پیشەسازی, ئەم پاڵپشتیەی حکومەت دەبێتە

پـالنەرێکی گرنـگ بـۆ سـەرمایەداران بـۆ ئەوەی سـەرمایەکانیان لەکەرتـی پیشەسـازیدا بـخەنە گەر.(رێڤبەریـا پیشەسازیاگەشـەپێدانا ل دهوکی,2018،داتای زانیاری بلاڤ نەکری) بەهۆی بوونی پلانی ستراتیجی حکومەت لەبواری پیشەسازی لەناوچەی لێکـۆلینەوە کە تیایـدا هەڵساوە بەدارشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ فراوان کردنی پشتینەی(زۆنی) پیشەسازی ناوچەی کواشێ بە ئاڕاسـتەی رۆژئـاوا، وچارەسـەرکردنی کەمو کوریەکانی ناوچەکە لەرووی خزمەت گوزاری, و گواستنەوەی دامەزراوەکانی کەرتی خۆراك بۆ شوێنی دیـاریکراو، ئەم هەنگـاوەی حکومەتیش بەهۆی سکالاکردنی خاوەن دامەزراوەکـان لەئەنجـامی تـێکەلاوی بەدامەزراوی کەرتەجـۆراو جـۆری پیشەسـازی گۆراوەکـان کەبۆتە گرفت لەبابەتی پێشوو ئاماژە پێ کراوە,بەمەش حکومەت بریاری دیاری کردنی پشتینەیەکی تری بۆ دامەزراوە پیشەسازیەکان داوە تەنها تایبەت بەکەرتی خۆراك کە دەکەوێتە ناوچەی کانی ماسی لە قەزای سێمیل،ئەم ناوچەیە لەسەر ڕووبەری(750)دۆنم زەوی بنیـات نراوە ، ئەم پرۆژەیە بۆ ساڵی 2019 تەواو دەبێت،هەروەها بەهۆی دابـین کردنـی خـزمەت گوازرییەکانی(ئـاو ئـاوەڕۆ و زێـراب و کارەبـا ....هتد)ناوچەی لێکۆلینەوە توانای فەراهەمکردنـی زەمینەکـی گونجـاوە سـەرکەوتووە بـۆ کەرتـی پیشەسـازی دەبێت(چـاوپێکەوتن لەگەڵ ئەحمەد زوبێر ئەحمەد،12/2/ 2018) بەمەش چالاکیەکانی پیشەسازی لەدواڕۆژ دا لە قەزای سێمیل بەرەو ئاستێکی بەرز گەشـە دەکـات، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەر بۆ فراوان کردن و گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی بەشێوەیەك کە رۆلێکی گەورە لەبوژاندنەوەی ئابووری وولاتدا ببینێ,هەر بۆیە حکومەت گرنگی زیاتر دەدات بەکەرتـی پیشەسـازی نـاوچەی لێکـۆلینەوە ئەمەش بۆ ئەوەیە ئاستی داهـاتی نەتەوەیـی بەرزبێـتەوە کە بەهـۆیەوە ئاسـتی گـوزارانی دانیشـوان بەرەو پـێش دەچێـت,بەمەش خـۆش گوزارانی ئابووری و داهاتی تاکە کەس بەرزدەبێتەوە ئەمەش کاردەکاتە سەر بەرەوە پێشچوونی کەرتی پیشەسازی لەئایندەدا .

**دەرئەنجــــام**

لە ڕێگای ئەم توێژینەوە گەیشتینە چەند ئەنجامێك کە لەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێدەکەین:

1- قەزای سێمیل خاوەن چەندین بنەمای جیگیربوونی دامەزراوە پیشەسـازیە گۆڕاوەکـان,هەر چەنـدە ئەم بنەمایـانە بەشـێوەی جیـاواز دابەش بوونە لەناوچەی لێکۆلینەوە,لەهەمان کاتدا بوونی ئەم بنەمانە رۆلی سەرەکیان هەبووە لەپەرەساندنی و پیشنەکەوتنی کەرتەکانی پیشەسازی لەناوچەکە .

2- لەقەزای سێمیل جۆرەکانی پیشەسازیە گۆڕاوەکان بەگوێرەی پۆلینکاری نێودەولەتی(ISIC) لەنۆ جۆر کەرتی جیاواز پێك دێـت،بەمەش زۆرتـرین ژمـارەی کـارگە کەوتـۆتە چوارچێـوەی کەرتـی پیشەسـازی بیناسـازی بە(75) کـارگە کە ڕێـژەکەی(58.6%)ی کـۆی کارگەکـان و(1282)کرێکار لەخۆدەگرێت کە دەکاتە(46.6%)ی کۆی کرێکرانی ناوچەی لێکۆلینەوە. نزمترین ژمارەی کارگەکان لەکەرتی دارو بەرهەمە داریەکان تۆمارکراوە بە(2) کارگە و بەرێژەی(1.6%) و(106)کرێکار واتە بەڕێژەی(3.9%)ی کۆی کرێکارانی ناوچەی لێکۆلینەوە .

3- کارگە پیشەسازیە گۆڕاوەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە بەشێوەیەکی یەکسـان بەسـەر یەکە کارگێریەکانـدا دابەش نەبوینە،نـاحیەی سـەنتەر بەپێشەنگی ناحیەکان دێت بە(95) کارگە و(1954) کرێکار،دواتر ناحیەی باتێل بە(17) کارگەو(468) کرێکـار و نـایەی فایـدە بە(16) کـارگە و(328)کرێکار لەدوای یەکتردێن .

4-پلەی چڕبوونەی پیشەسازی بەپێی ئاستەکان لەناوچەی لێکـۆلینەوە جیـاوازە,بریتین لەبەرزتـرین ئاسـت بەپـلەی(1) لەنـاحیەی بـاتیلە و دواترناحیەی فایدە بەپلەی(0.85) تۆمارکراوە،دوا ئاست لە لەناحیەی سەنتەر بەپلەی(0.67) دێت.

5- پــلەی هەمەچەشــنی پیشەســازی لەقەزای سـێمیل بەسـەر یەکە کارگێریەکــان بەجیــاوازی کەرتە پیشەســازیەکان جیــاواز دابەش بووە،لەوانەش ناحیەی فایـدە هـاوکۆلکەی پوخـت هەمەچەشـنی بەرزی تومـارکردووە بەبەهـای(0.48) دواتـر لەنـاحیەی سـەنتەر دێـت بەبەهای(0.72) وە هاوکۆلکەی پوختی هەمەچەشنی نزمتر بەبەهای(0.75) لەناحیەی باتێل تۆمارکراوە .

6- دامەزراوە پیشەسازیەکانی قەزای سـێمیل ڕووبەڕووی چەنـدین بەربەسـت وگرفـت بـوونەتەوە لەوانە گرفتـی ڕووبەر ونرخـی زەوی و شوێن و کەرستەی سەرەتای و ووزەی کارەبا و سووتەمەنی وکەم ئاوی و بەهای باج ورسمی گومرگی و نەبوونی سیستەمێکی رێـك وپێـك لەدابەش بوونی جیاوازی کارگە پیشەسازیەکان و کەموکورتی لە خزمەتگوزاریەکان،ئەمانە و چەندین گرفتی تری لاوەکی .

## سەرچاوەکان

### یەکەم / کتیب

**- عەرەبی**


1- ابراهيم شريف واحمد حبيب رسول والسيد نعمان دهش ، **جغرافية الصناعة** ، مطبعة جامعة الموصل ، 1982 .

2- احمد حبيب رسول ، **جغرافية الصناعة** ، ط2، دار النهضة العربية للطباعة والنشر ، بيروت ،لبنان ، بدون سنة الطبع .

3- حسن عبد القادر صالح ، **مدخل الى جغرافية الصناعة** ، دار الشروق للنشر والتوزيع ، عمان-الاردن ،الطبعة الاولى، .1985

4- سميرة كاظم الشماع ، **مناطق الصناعة في العراق** ، دار الرشيد للنشر ، بغداد1980 .

5- عباس علي التميمي ، **النمو الصناعي في الوطن العربي** ، مطبعة جامعة الموصل ، 1985 .

6- عبد خليل فضيل وأحمد حبيب رسول ، **جغرافية العراق الصناعية** ، مطبعة جامعة الموصل، 198، ص.148

7- عبدالزهرة علي الجنابي ,**الجغرافية الصناعية**, ط1, دار صفاء للنشر,عمان ،2012 .

8- على قاهرة, هارون، **جغرافية الصناعة** ، ط1، دار الفكر العربى، القاهرة ، 2002..

9- فارس مهدى محمد ، **واقع الصناعات التحويلية الكبيرة في العراق لعام 2017**، جامعة البصرة –كلية التربية، 2011.

10- فؤاد محمد الصقار، **الجغرافية الصناعية في العالم** ، دار المنشأة المعارف ، الاسكندرية ، 1980 .

11- محمد ازهر سعيد السماك ، **عباس علي التميمي ، أسس جغرافية الصناعة وتطبيقاتها** ، مطابع جامعة الموصل ، الموصل ،1987.


**- کوردی**


12- پۆلینکاری کارگە پیشەسازییەکان بەپێی پێوانەی (پێوەری) نێوەدەوڵەتی (ISIC) ،**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان وبەدواداچوون** ، وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی ،2009


### دووەم/ نامەو تیزە زانکۆییەکان


13- أمانج أحمد حمدامين ديوانة،**التوازن المكاني بين انتاج واستهلاك صناعة طحن الحبوب في محافظتي أربيل والسليمانية**، (دراسة مقارنة في جغرافية الصناعة)، اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية التربية جامعة الموصل، 2013 .

14- فواد خالد سعيد امين, **توطن الصناعات الغذائية الرئيسية بمحافظة السليمانية,(تحليل مكاني باستخدام نظم المعلومات الجغرافية GIS**،اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية التربية جامعة الموصل ،.2007

15- اياد حماد ، **دور الصناعة التحويلية في النمو الاقتصادي** ، رسالة ماجستير مقدمة الى مجلس كلية الاقتصاد ، جامعة دمشق ، 2008.

16- دليرعزيز طة,**مناخ محافظة دهوك(دراسة في الجغرافية المناخية), رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب**، جامعة صلاح الدين – اربيل، 2012,ص77,غير منشورة


### سێیەم:گۆڤار


17- كفاية عبدالله العلى ، **المقومات الجغرافية للصناعة التحويلية فى ميسان ، مجلة أداب البصرة**، العدد(53)، جامعة البصرة – كلية التربية، 2010.

18- أبراهيم خشمان هسام ، **تحليل الهيكل الصناعي لمحافظة دهوك (دراسة في التوطن الصناعى)،مجلة زانكو جامعة دهوك**، المجلد (15)، العدد (2)، 2012.


### چوارەم:بلاوکراوەی حکومی

**أ- بەعەرەبی**


19- جمهورية العراق، **وزارة الصناعة والمعادن، المنشأة العامة للمسيح الجيولوجى والتحرى المعدني** ، تقرير عن المنشاط التعدني من شمال العراق، رقم التقرير2012، بغداد 2001 .


**ب- بەکوردی**


20- حکومەتا هەریَما کوردستانىَ ، **وەزارەتا بازرطانیا و ثیشەسازیا** ، ریظبەریا ثیشەسازیاطەشەثێدانا ل دهوکی، ثشکا کومثوتەرا .

21- حکومەتا هەریَما کوردستانىَ، **وەزارەتا ئاطەدانکردن ونیشتەجىَ کردنىَ**، ریظبەریا یاریَك وثرا ئاطەدانکردن ونیشتەجىَ کردنىَ ل دهوکی، ثشکا تەکنیکا، داتا بلاظ نەکرىَ 2016.

22- حکومەتی هەریَمی کوردستان ، **وەزارەتی ثلان دانان ، دەستەی ئاماری هەریَم ،** بەریَوەبەرایەتی ئاماری ئاریَزطاکانی هەریَم ، بەشی ئاماری دانیشتوان.

23- حکومەتی هەرێمی کوردستان، **وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم** ،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەرێم بەشی GIS.

24- حکومەتی هەریَمی کوردستان ، **وەزارەتی کارەبا ، بەریَوەبەرایەتی کۆنترۆلی ناوەندی کارەبای هەریَم** ، بەشی ثلان دانان ولیَکۆلینەوە.

25- حکومەتی هەریَمی کوردستان,**وەزارەتی شلرەوانی و طەشت و طوزار,بەریَوەبەرایەتی ثلان دانان و بەدواداضوون**,بەشی GIS(داتابلاونەکراوە).

26- ریَظبەریا ثیشەسازیاطەشەثێدانا ل دهوکی, **ثشکا هونەری,داتای زانیاری بلاظ نەکری**.

27حکومەتی هەریَمی کوردستان , **وەزارەتی ثلاندانان,دەستەی ئاماری هەریَم,بەرِیَوەبەرایەتی ئاماری ئاریَزطای هەولیَر,** سالىَ 2015,بەشی دانیشتوان , داتای بلآونەکراوەتەوە .

28- ریَظبەریا ساخلەمنیيا دهوکی,رێَوا ثیشەسازیا دەوروبەرا باذیَرا دهوکی و ثۆلا ضاوظدیَریا ذینطەها دهوکی.

29- رێڤەبەرییا ئامارا پارێزگەها دهۆکێ ڤە بویە, **خەمالندن چاڤپێکەفتنا ل سال 2015.**

30- وةزارةتى بازرطانى وثيشةسازى ،**بةريَوةبةرايةتى طشتى طةشةثيَدانى ثيشةسازى ، كةرتى تايبةت .**

**ثيَنجةم : ضاوثيَكةوتن :**

31- ديدارا دطةل فوئاد محمد ،**خودانى كارطا**، 31ى تةموزى 2017 .

32- ضاوثيَكةوتن لةطةلَ ئةحمةد زوبيرَ ئةحمةد ،**هاريكارياريَظةبةرى , ريَبةريا طةشةثيَدانا** ل دهوكى ، 31ى تةموزى .2017

33- ديدارا دطةل ئةندازيارا كاروان ئةحمةد ، **ثشكا هونةرى يَظبةريا ثيشةسازياطةشةثيَدانا ل دهوكى**، 31ى تةموزى 2017.

**شةشةم : سايتى ئةلكترؤنى :**

34- www.alg**hadpress.com**

## التحليل الجغرافي للصناعات التحويلية في قضاء سيميل

**ملخص**

يتناول هذا الموضوع دراسة نشاط الصناعات التحويلية في قضاء سميل كاحدى مواضيع جغرافية الصناعية ، حاولت الباحثة أن تبرز اهمية الصناعات التحويلية وتركيبها الصناعي في قضاء سيميل بأسلوب علمي . من خلال دراسة مقومات نشوء الصناعات التحويلية وتوزيعها الجغرافي. اذ تعد الصناعات التحويلية احدى الانشطة الاقتصادية والتي لها أهمية كبيرة في عملية التنمية الاقتصادية التي تعتمد على وسائل وتقنيات لنظام الإطار الكامل في المصنع . وفي الختام البحث توصلت الباحثه الى جملة من الاستنتاجات منها:

1- تمتلك منطقة الدراسة امكانات ومقومات جغرافية عديدة كراس المال والطاقو والمواد الاولية والتي تساعدها في تنمية قطاع الصناعات التحويلية.

2- لم تتوزع الانشطة الصناعية التحويلية بشكل متساوي في منطقة الدراسة ،بل تتباين من منطقة الى اخرى بحيث تاتي قضاء المركز بالمرتبة الاولى من حيث عدد المعامل وبواقع (95) معمل.

3- تتباين نسبة التنوع الصناعي في منطقة الدراسة بحيث تصل الى اعلى تنوع لها في ناحية فايدة بحيث بلغ معامل التنوع (0.48) .

4- تعترض الصناعات التحويلية في منطقة مجموعة كبيرة من المشاكل والعقبات منها ما يتعلق بقلة المواد الاولية والطاقة ورؤوس الاموال وغيرها.

## The Geographical Analyzing of the manufacturing in the Semil district

**Abstract**

This topic is a geographical industrial research about analyzing the manufacturing in the Semil district.The form and significance of the manufacture in Semil has been shown academically, then it will be point on the elements of fixing and geographic division of manufacturers.According to that the industry is one of the economic activities and it has more importance in the economic process which depends on the tools and energy, in the complete frame system in the factory and it's service and change material into a new goods that the any state and region require.The study normally consist of an introduction and four chapters. also we have an abstract of the research by the Arabic and English language .

1- The study area has many geographical capacities and specifications such as money, paper and raw materials, which help in developing the manufacturing sector.

2 - The manufacturing activities are not distributed equally in the study area, but vary from one region to another so that the center's district comes first in terms of the number of laboratories and (95) laboratory.

3 - The percentage of industrial diversity in the study area varies to reach the highest diversity in the area of Fayda so that the coefficient of diversity (0.48).

4 - Manufacturing industries in the region are facing a wide range of problems and

**پاشکۆکان**

ئاشکۆی (1) هەنطاوەکانی دەرهێنانی ئەنجامی شوێنی ضربوونەوەی ئیشەسازی لەقەزای سێمیل بەطوێرەی یەکەکارطێرِییەکان بۆ ساڵی **2016***

**ناحیەی باتیل**

| ذ | ئیشەسازییەکان | 1 | 2 | 3 | $\frac{3}{أ}$ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ذ.کرێکارانی قەزا | ذ.کرێکارانی ناحیەی باتیل | $100 \times \frac{2}{1}$ | |
| 2 | خۆراك | 522 | 93 | 17.8 | 1 |
| -3 | رستن و جنین | - | - | - | - |
| 4 | داروبەرهەمەکانی دار | 106 | 31 | 29.2 | 1.7 |
| 5 | کاغەز | - | - | - | - |
| 6 | کمیاوی | 224 | 90 | 40.1 | 2.3 |
| 7 | ئلاستیك | 192 | 24 | 12.5 | 0.7 |
| 8 | کانزای | 367 | 21 | 5.7 | 0.3 |
| 9 | بیناسازی | 1282 | 189 | 14.7 | 0.8 |
| 10 | ئەوانی تر | 57 | 20 | 35 | 2 |
| - | سەرجەم | 2750 | 468 | - | 8.8 |

تێبینی: أ – بریتییە لە دەرهێنانی رێذەی کریکار لەناحیەی باتیل= $\frac{468}{2750} \times 100 = 17$

* هەنطاوەکانی ئێوەری ضربوونەوەی ئیشەسازی بەم شێوەی خوارەوەیە :

هەنطاوی یەکەم / دەرهێنانی رێذەی کریکارانی ئیشەسازی لەهەر قەزایەك .

هەنطاوی دووەم / دەرهێنانی رێذەی کریکاران لەهەموو ئیشەسازییەکان لە هەر ناحیەیەك لەهەر جۆری ئیشەسازی کە لە قەزایەك بەدی دەکریَت .

هەنطاوی سێیەم /دەرهێنانی دەرئەنجامی شوێنی ضربوونەوەی ئیشەسازی = $\frac{\text{هەنگاوی دووەم}}{\text{هەنگاوی یەکەم}}$

تێبینی/ ئەطەر هاتوو ئەنجامی ئلەی ضرِبوونەوەی ئیشەسازی لەناوضەیەك (ناحیة) لە (1) زیاتر بوو, ئەوە دەطەیەنیَ کە ئیشەسازییەکە لەم ناوضەیە ئلەی ضرِبوونەوەی زۆرە ئەمەش بەئیَ رادەی ئەنجامی رِیَذەیەی ئلەی ضرِبوونەوەی ئیشەسازییەکەیە . بەلاَم ئەطەر هاتوو ئەنجامی ئلەی ضرِبوونەوەی ئیشەسازی لەناوضەیەك (ناحیة) یەکسان بوو (1) واتە تەنها ضرِبوونەوەی ئیشەسازی هەیە. ئەطەر جی ئەنجامی ئلەی ضرِبوونەوەی ئیشەسازی لەناوضەیەك (ناحیة) لە(1) کەمتر بوو, ئەمە دەطەیەنیَ کە ئیشەسازییەکە لەم ناوضەیە ئلەی ضرِبوونەوەی لاوازە , یاخود ضرِبوونەوەی بوونی نییە ئەمەش بەئیَی بوونی ئاستی رِیَذەی ئلەی ضربوونەوەی ئیشەسازییەکە.بۆزانیاری زیاتر دەربارەی ئەم ئێوەرە سەرضاوەی: د.أحمد حبیب رسول, مبأدي جغرافیة الصناعة, المصدر سابق, ص146-148 .

**ناحیەی سەنتەر**

| ذ | ئیشەسازییەکان | 1 | 2 | 3 | $\frac{3}{أ}$ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ذ.کرێکارانی قەزا | ذ.کرێکارانی ناحیەی سەنتەر | $100 \times \frac{2}{1}$ | |
| 2 | خۆراك | 522 | 399 | 76.4 | 1.1 |
| 3 | رستن و ضنین | - | - | - | - |
| 4 | داروبەرهەمەکانی دار | 106 | - | - | - |
| 5 | کاغەز | - | - | - | - |
| 6 | کیمیاوی | 224 | 134 | 59.8 | 0.8 |
| 7 | ئلاستیك | 192 | 168 | 87.5 | 1.2 |
| 8 | کانزای | 367 | 346 | 94.3 | 1.3 |
| 9 | بیناسازی | 1282 | 870 | 67.9 | 1 |
| 10 | ئەوانی تر | 57 | 37 | 64.9 | 0.9 |
| - | سەرجەم | 2750 | 1954 | - | |

تێبینی: أ – بریتییە لە دەرهێنانی رێذەی کریکار لەناحیەی سەنتەر= $\frac{1954}{2750} \times 100 = 71$

**ناحیەی فایدة**

| ذ | ئیشەسازییەکان | 1 | 2 | 3 | $\frac{3}{أ}$ |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ذ.کرێکارانی قەزا | ذ.کرێکارانی ناحیەی فایدة | $100 \times \frac{2}{1}$ | |
| 2 | خۆراك | 522 | 30 | 5.7 | 0.4 |
| 3 | رستن و ضنین | - | - | - | - |
| 4 | داروبەرهەمەکانی دار | 106 | 75 | 70.7 | 5.9 |
| 5 | کاغەز | - | - | - | - |
| 6 | کیمیاوی | 224 | - | - | - |
| 7 | ئلاستیك | 192 | - | - | - |
| 8 | کانزای | 367 | - | - | - |
| 9 | بیناسازی | 1282 | 223 | 17.3 | 1.4 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 10 | ئەوانی تر | 57 | - | - | - |
| - | سەرجەم | 2750 | 328 | - | 7.7 |

تێبینی: أ - بریتییە لە دەرهێنانی رێَذەی كریَكار لەناحیەی فایدە= $\frac{328}{2750} \times 100 = 11.9$

**ئاشكۆی(2) هەنطاوەكای دەرهیَنانی ئەنجامی هەمەضەشنی ثیشەسازی طۆراوەكان لەقەزای سیَمیل بەطویَرەی یەكە كارطیَرِییەكان بۆسالَی 2016***

**ناحیەی باتیل**

| ذ | ثیشەسازییەكان | س¹ | س² |
|---|---|---|---|
| | | ذ.كریَكارانی ناحیەی باتیل | ذ.كریَكارانی ناحیەی باتیل جاران ذمارەكەی خۆی |
| 2 | خۆراك | 93 | 8649 |
| 3 | رستن و جنین | - | - |
| 4 | داروبەرهەمەكانی دار | 31 | 961 |
| 5 | كاغەز | - | - |
| 6 | كمیاوی | 90 | 8100 |
| 7 | ثلاستیك | 24 | 576 |
| 8 | كانزای | 21 | 441 |
| 9 | بیناسازی | 189 | 35721 |
| 10 | ئەوانی تر | 20 | 400 |
| - | سەرجەم | 468 | 54848 |

بۆ دەرهیَنانی هاوكۆلكەی ئوختەی هەمەضەشنی ثیشەسازی بەریَطای (جبس- مارتن) بەم شیَوەیەی خوارەوەیە

ياسای هاوكۆلَكەی هەمەضەشن = $1 - \frac{مج\ س^2}{مج(س)^2}$

مج س=468

مج(س)$^2$ =219024

مج س$^2$ =54848

$1 - \frac{54848}{219024} = 1-0.25 = 0.75$

بۆزانینی هەنطاوەكانی تەواوكەری ئەم ئامارە و زانیاری زیاتر سەرضاوە: محمد ازهر سعید السماك ، عباس علي التمیمي ، أسس جغرافیة الصناعة وتطبیقاتها ، مطابع جامعة الموصل ، الموصل ،1987، ص275-277.

تێبینی: ئەطەر هاتوو هاوكۆلكەی ئوختەی هەمەضەشنی ناوضەیەك (ناحیة) نزیك بیَت لە (1) ئەوە تایبەتمەندی (ئسثۆری) زیاتر دەبیَت ,ئەم كاتە ثلەی هەمەضەشنی كەمە.

بەلاَم ئەطەر هاتوو هاوكۆلكەی ئوختەی هەمەضەشنی ناوضەیەك (ناحیة) نزیك بیَت لە(سفر) ئەوە ثلەی هەمەضەشنی بەرزە . بۆزانیاری زیاتر: عیسى علي ابراهیم،الاسالیب الاحصائیة والجغرافیة،ط1،دارالمعارف الجامعیة،الاسكندریة،ص141-147.

**ناحیەی سەنتەر**

| ذ | ثیشەسازییەكان | س¹ | س² |
|---|---|---|---|
| | | ذ.كریَكارانی ناحیەی سەنتەر | ذ.كریَكارانی ناحیەی سەنتەر جاران ذمارەكە خۆی |
| 2 | خۆراك | 399 | 159201 |
| 3 | رستن و جنین | - | - |
| 4 | داروبەرهەمەكانی دار | - | - |
| 5 | كاغەز | - | - |
| 6 | كمیاوی | 134 | 17956 |
| 7 | ثلاستیك | 168 | 28224 |
| 8 | كانزای | 346 | 119716 |
| 9 | بیناسازی | 870 | 756900 |
| 10 | ئەوانی تر | 37 | 1369 |
| - | سەرجەم | 1954 | 1083366 |

ياسای هاوكۆلَكەی هەمەضەشن = $1 - \frac{مج\ س^2}{مج(س)^2}$

مج س=1954

مج(س)$^2$ =3818116

مج س$^2$ =1083366

-1 $\frac{1083366}{3818116}$ = 0.28-1 =0.72

**ناحیەی فایدة**

| ذ | ئیشەسازییەكان | س¹ | س² |
|---|---|---|---|
| | | ذ.كریَكارانی ناحیەی فایدة | ذ.كریَكارانی ناحیەی فایدة جاران ذمارةكةی خؤی |
| 2 | خؤراك | 30 | 900 |
| 3 | رستن و جنین | - | - |
| 4 | داروبةرهةمةكانی دار | 75 | 5625 |
| 5 | كاغةز | - | - |
| 6 | كمیاوی | - | - |
| 7 | ثلاستیك | - | - |
| 8 | كانزای | - | - |
| 9 | بیناسازی | 223 | 49729 |
| 10 | ئةوانی تر | - | - |
| - | سةرجةم | 328 | 56254 |

یاسایی هاوكؤلَكةی هةمةضةشن =1 — $\frac{مج\ س^2}{(مج\ س)^2}$

مج س=328

مج(س)$^2$ =107584

مج س$^2$ =56254

-1 $\frac{56254}{107584}$ = 0.52-1 =0.48

**فۆرمی ڕاپرسی**

ئامـانج لەم فـۆرمە ڕوونكـردەوە وشـیكردنەوە ڕەوشـی پیشەسـازیە گۆڕاوەكـانە لە قەزای سێمیل. دواتـر هەوڵـدانەكان لەپێنـاو خسـتنەڕووی شـوێنی یەكەكـانی پیشەسـازیە گۆڕاوەكـان لەنـاوچەی لێكۆڵینەوە،هەرەها خستنەڕووی ئەم پرسیارانە و وەڵامدانەوەیان بەهەستێكی جوگرافیانە ئەمەش لەپێناو سوود وەرگرتن و یارمەتی دانی توێژەر لەم بـوارەدا. ئەمەش گرنگیەكـی بەرچـاوی هەیە بـۆ گەیشتن بەهۆكارو بنەماكانی جێگیربوونی پیشەسازیە گۆڕاوەكان لەقەزای سێمیل.هەروەها گەیشتن بەژمارەی كارگە و دەستی كار و سەرمایە و پەیوەندی نێـوان بـازار و كـارگە و سـووتەمەنی ووزە و كەرستەی سەرەتایی و هتد. هەموو ئەم پرسیارانە ئاراستەی خاوەن كارگە پیشەسازیە گۆڕاوەكان دەكرێت .

**یەكەم : زانیاری گشتی**

1 - ناوی كارگە ......................................................................

2 - شوێنی كارگە .........................................................................

3 - ئەو دەزگایانەی كە پەیوەستن بەكارگە..............................................

4 - مێژووی دامەزراندنی كارگە .........................................................

5 - مێژووی یەكەم بەرهەمی كارگە ...................................................

6 - ئایا ئەم كارگە بەستراوەتەوە بەكارگەیەكی تر كە كەرستەی سەرەتای بۆ دابین بكات كە بۆ بەرهەمەكانی بەكاری بهێنی ..............................................ئەم كارگەیە كامەیە ..................................................

**دووەم : شوێن**

1 - شوێنی كارگە كە كەوتۆتە كوێ .........................................................

2- ئایا كارگەكە كەوتۆتە لای ڕێگای سەرەكی( ) ڕێگای لاوەكی( ) ناو ئاوەڕۆ( )

3- ئایا كارگە كەوتۆتە نزیك كەرستەی سەرەتای ..........................

4 - ئەو كەرستە سەرەتایە كامەیە ..................................

5- ماوەی نێوان كارگە وكەرتەی سەرەتای چەندە ................................

6 - ڕووبەری كارگە بەگشتی چەندە ..............................

7 - ئاوە زیادەكە دوای سەرف كردنی چی لێ دەكەن ........................................

8 - ئایا پاشەڕۆی پیشەسازیە گۆڕاوەكان چ لێدەكرێت ..........................................

9 - ئایا هیچ كارگەیەكی تر هەیە لەنزیك ئەم كارگەیە..........................................ناوی چیە....................................

**سێیەم : بەرهەم**

1 - بەرهەمی سەرەكی كارگە چیە ..........................................

2 - توانا و قەبارەی بەرهەمی كارگە لەساڵێك چەندە ....................................

3 - ئایا بەرهەمی كارگە لەجۆرێك زیاترە ..............كامانەن ...............................

4- ئەگەر كارگەكە بەتوانایەكی زۆر بەرهەمی نیە وكارناكات هۆكارەكی چیە ؟

أ -كەمی توانای كرێكار ( )

ب - نەبوونی یان كەمی ووزە وسووتەمەنی ( )

ج - شوێنی جوگرافی کارگە ( )
د - کەمی کەرستەی خاو ( )
ه - بچووکی ڕووبەری کارگە ( )
5- گرفتەکانی بەرهەمێنانی تر کامانەن
أ -
ب –
6 - پێشنیارت بۆ بەرز کردنەوەی توانا بەرهەمر هێنان
أ -
ب -

**چوارەمر : کەرستەی سەرەتای**

ئایا هیچ کێشە وگرفتێکی تایبەت بەکەرستەی سەرەتای هەیە لەڕووی
أ - دابین کردن
ب - گواستنەوە
ت -تێچوونی بەرهەمر
پ - هەڵگرتن

**پێنجەمر : ووزە وسووتەمەنی**

1-کامر جۆری سووتەمەنی بەکاردەهێنن .................................
2-سەرچاوەی ووزەی کارگەکەتان چیە .......................................
3-سالانە بڕی چەند بەکاردەهێنن ...................................... وەنرخی چەندە............................

**شەشەمر : سەرمایە وئامێر ومەکینە**

1-تێچوونی گشتی بۆ دامەزراندنی کارگەیەك چەندە ...........................................
i.بڕ وجۆری ئەو ئامێر ومەکینانەی تیایدا بەکاردەهێنرێت چەندە ...............................................

**حەوتەمر : گواستنەوە وبەبازارکردن**

1- شێوازی فرۆشتنی بەرهەمر أ – بەشێوەی ڕاستەوخۆ ( ) ب - بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ( )
2- چۆن بەرهەمەکان دەگوازنەوە بۆ بازار
أ - جۆری شێوازی گواستنەوە ...................................
ب - ماوەی نێوان کارگە وبازار ..................................کمر

**هەشتەمر : باج ورەسمر**

أ - جۆری زەوی . مولکی تایبەت ( ) مولکی دەوڵەت ( )
ب - ئەگەر مولکی دەولەتە کرێ ی سالانە چەندە .....................................
ت - بڕی باجی سالانەی کارگە کە دەیداتە حکومەت چەندە ..............................
پ - ڕسوماتەکانی تر کە کارگە دەیداتە چەندە لەوانە : کارەبا ( ) ئاو ( ) پاسەوانی ( ) پاك وخاوێنی ( ) ئیتر ( )
ج-ئایا کارگە لەباج بەخشراوە .......................چۆن ..........................................

**نۆیەمر : دەستی کرێکار**

1- ژمارەی کرێکار بەگشتی چەندە ............................................
2 - ژمارەی کرێکاری بەردەوام چەندە ............................................
3 - ژمارەی کرێکاری کاتی چەندە ..................................................
4 - ژمارەی کرێکاری هونەری چەندە..................................................
5 - ژمارەی کرێکاری کارگێری چەندە ..............................................
6 - ژمارەی کرێکاری ئاسایی چەندە ...............................................
7 - ژمارەی کرێکاری شارەزا چەندە ...........................................
8 - ئەو کرێکارانەی لەقەزاکە دەژین چەندە ..............................................
9 - ئەو کرێکارانەی لەدەرەوەی قەزاکە دەژین چەندە ..........................................
10 - هۆکارەکانی گواستنەوەی رۆژانەی کرێکاران چیە..............................
11 - تێبینی تر
أ - ب -